ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کوردستان
ژمارە ٦٢٤
دووشەممە
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤
نرخ: ١٥٠ تمەن
kurdistanukurd.com
kurdistanukurd.com

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■

## نوێنەرێکی مەجلیس: ئاماری پەرەسەندنی ئایدز لە ئێران نیسبەت بە وڵاتانی دیکە زۆر لەسەرێیە و ئەمەش جێگەی نیگەرانییە



رەسوول خزری، ئەندامی هەیئەت رەییسەی کومیسیونی بێهداشت و دەرمانی مەجلیس لە ئێران گوتی: « ئاماری پەرەسەندنی ئایدز لە ئێران نیسبەت بە وڵاتانی دیکەوە زۆر لەسەرێیە و ئەمەش جێگەی نیگەرانییە«. ئەو مەسەلەیە بەهۆی سرنجنەدانی بەرپرسانە بەم مەسەلەیە. بەپێی ئاماری فەرمییەکانی وەزارەتی بێهداشت، رێژەی تووشبووان بەو نەخۆشییە لە وڵاتدا نزیک ٣٠ هەزار کەسن، بەڵام ئامارە نافەرمییەکانی ئەو وەزارەتە ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ئامارەکان زیاتر لە ١٠٠ هەزار نەخۆشن.

# ٢ی ڕێبەندانو کۆماری کوردستان، هەر وا ڕێنوێنو ئیلهامدەری حیزبی دیموکراتی کوردستانن




کۆماری کوردستان، بڕگەیەکی زۆر کورت لە مێژووی نەتەوەیەک بوو، بەڵام بەو روخسارە مەدەنییانەی لەو ماوە کورتەدا لە خۆی نیشانی دا، توانی جێگەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی لە هەناوی مێژووی کوردو لە دڵو بیری تاکەکانی نەتەوەی کورد دا بۆ خۆی، بەدەست بێنێ.

پاش تێپەڕینی ٦٨سال لە دامەزرانی ئەو کۆمارە، حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە مودێڕنەو وەک هەڵگری پەیامو ئامانجەکانی، بە شانازییەوە یادی ڕۆژی مێژوویی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکاتەوەو پەیمانی هەمیشەیی خۆی، خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، دووپات دەکاتەوە.

## پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان!

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**
**هۆگرانی ڕێباز و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان!**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ شەستوهەشتەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادە. بەم بۆنەوە رێز لە یادو بیرەوەریی حکوومەتێکی کۆماریو دیموکراتیک دەگرین کە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر دامەزراو لە ماوەی تەمەنی کورتی ١١ مانگیدا گەلێک دەسکەوتی گرنگی بۆ کورد تۆمار کردنو بە یەکێک لە لاپەڕە هەرە زێڕینەکانی کورد دەژمێردرێ. لەم بۆنەیەدا جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. هیواداریـن خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش دەسەڵاتێکی سیاسیی دیکە لە نموونەی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێتەوە وبەئیلهام وەرگرتن لە ئەزموون و دەرسێک کە لە کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی وەرگیراوە، بەخەبات و تێکۆشانی خۆیان پڕبەرهەمتری بکەن و بیپارێزن.

زۆرجار لەم بۆنەیەو لە بۆنەی جۆراوجۆری دیکەی نەتەوەیی و حیزبیدا باسی چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ئەزموون ودەسکەوتەکانی وهۆیەکانی رووخانیشی کراوە، کە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات دەبێ دەرسی لێوەربگرن و بیکەنە هەوێنی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی کورد.

ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان زۆر دەرسی بە نرخی تێدان. کۆماری کوردستان بەڕاستی سروشتێکی دیموکراتیکو ئازادیخوازانەی هەبوو. بەرهەمی قەیرانو لاوازیی رێژیمی دیکتاتۆری ناوەندی بوو کە ئەوەندەی لە سەرکوتی خەڵکی وڵاتدا شێلگیرو لیبڕاو بوو، ئەوەندەش لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوە دا لاواز و لەرزۆک بوو. ئەزموونی کۆماری کوردستان دەری خستوە ئەو کاتەی دیکتاتۆریی ناوەندی لە پاشەکشە دایە کورد دەتوانێ دیموکراسی دابمەزرێنێ.

دەزانین کە چارەنووسی سیاسیو کۆمەلایەتیی خەڵکی کوردستان لە هەموو ئەو ولاتانەی کوردیان بەسەر دا دابەش کراوە، راستەوخۆ و ناراستەخۆ گرێدراوە بە ناوەندی ئەو وڵاتانە وەک تاران، بەغدا، دیمەشق و ئانکارا. هەر جووڵەیەکی سیاسی لەو ولاتانە کار دەکاتە سەر وەزعی کوردستان. حیزبی دیموکرات لە رۆژهەلاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییەو ئەزموونێک کە لە مێژوو وەری گرتوە پێی وایە دەبێ کەڵک لە دەرفەتەکان وەرگیرێ.

ل ٤



٤ چاوخشاندنێک بە سەر پێکهاتەی کۆماری کوردستان و شرۆڤەیەکی کورت



٥ چەند سەرنجێک لە بارەی روخساری مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان



٦ دادوەری لە کۆماری کوردستاندا



٧ «یادگاری شیرین» بایەخی مەدرەسەو خوێندەواریی لە کۆماری کوردستاندا



٧ پەسندکرانی زمانی فەرمیی کوردی لە پاڕلمانی عێراق

## ئێران بۆ کۆنفرانسی ژنێڤ بانگهێشت کراو موخالیفانیش هەڕەشەی تەحریمی کۆنفرانس دەکەن

سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێرانی بانگهێشتی کردوە بۆ کونفرانسی ژنێڤ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە. لەهەمان کاتیشدا مخالفانی دەوڵەتی سووریە هەڕەشەیان کردوە ئەگەر ئێران بەشدار بێ کۆنفرانسەکە تەحریم دەکەن و بەشداریی کۆبوونەوەکە ناکەن.

بەپێی راپۆرتی رۆیتێرز، بانکی مۆن سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندوە کە ئێران بانگهێشت دەکرێ بۆ کۆنفرانسی ئاشتی سووریە ناسراو بە ژنێڤ دوو کە رۆژی چوارشەممە ٢٢ی ژانویە (٢ی رێبەندان) لە شاری مۆنرۆی سوییس بەڕێوە دەچێ.



بێجگە لە ئێران، ٩ وڵاتی دیکەش بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەو کۆنفرانسە. هولەند، کورەی جنووبی، بەحرەین، ئوستراليا، مکزیک، یونان، بلژیک، لۆکزامبورک و واتیکان ئەو وڵاتانەن کە تازە بانگهێشت کراون. پێشتر بۆ ٣٠ وڵات دەحوەتنامە ناردراوە.



ماموستا محەمەد عەلی محەمەدیان ماموستای قوتابخاتەی سەرەتایی شێخ شەلتون لە مەریوان به نشانەی هاودەردی و رووحیەدان بە قوتابیەکەی کە توشی رووتانەوەی قژی سەر ببوو سەری خۆی تاشی.

## کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا

دوو شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا کۆبوونەوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی بەفرانبار مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریو نوێنەری حیزب لە بریتانیاو فەرزاد حیکمەت، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە بە مەبەستی باسو ڕاوێژ لەبابەت ڕووداوەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستان و بە تایبەت ڕەوشی هەرێمی کوردستانو هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان دوو لایەنو، هاوکاریی زیاتر لە داهاتوودا لەگەڵ کەمال ئامێدی، بەرپرسی ناوچەو خوسرەو ئاڭەیی کارگێری ناوچەو بەرپرسی ڕێکخستنی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد. لەم دانیشتنەدا جەخت لەسەر هاوکاریو هاورێزیی ماڵی کوردو پتەوتر کردنی پیوەندییەکانی نێوان هەرودولا کرایەوە. شاندی پارتی دێموکراتی کوردستانیش پشتیوانیو هاوکاریی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات کوردستان دووبارە کردەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا بۆ سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



هەیئەتێکی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەیئەتێکی خانەخوێ کۆبۆوە.

دوانیوەڕۆی شەممە، ٢٨ ی بەفرانبار ( ١٨ ی ژانویەی ٢٠١٤)، هەیئەتێک لە دۆستانی کوردو حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە ئێحسان قادر، وتەبێژی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیاو پرۆفسۆر فیلیپ ڕۆبینس، لێکۆڵەرەوە لە بنیاتی «چاتهام هاوس» کە ناوەندێکی فیکریو لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و لۆبیگەریی بەپرستیژی بریتانیایە، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دوو سەعاتەدا پاش خۆشحاڵی دەربڕینی هەردوولا لە نوێکردنەوەی دیدارو پێوەندیی نێوانیان، ئیحسان قادر دوایین گەشەسەندنەکانی پێوەندیدار بە یەکخستنی وتارو هەنگاوەکانی پارتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بریتانیا بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی دامودەزگا سیاسیو حکوومەتییەکانی بریتانیاو نێودەوڵەتی بەگشتی بۆ لای پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا خستە ڕوو. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە دوایین چالاکییەکانی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکانی بریتانیا، نەخشی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیاو، بەگشتی ڕێبەریی ئەو حیزبەی لە وەڕێخستن و جێکەوتنی ئەو دەسپێشخەرییە نەتەوەییەی نوێنەرانی کوردی هەر چوار پارچە لە بریتانیای بەرز نرخاند.

پاشان خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانیی حیزب و ئامادەیی بۆ درێژەدان و قووڵکردنەوەی هاوفکری و هاوکارییەکان لەو بوارەدا، کۆمەڵێک تێبینی و لێکدانەوەی لەمەڕ ئایندەی ئەم دەسپێشخەرییە هاوبەشە کوردییە و ڕێکارەکانی بەهێزکردن و سەرکەوتنی باس کرد.

هەر لەو بەشە لە باسەکانی ئەو دانیشتنەدا پرۆفسۆر فیلیپ ڕۆبینس ڕوانین و بۆچوونی خۆی لەمەڕ خوێندنەوەی بریتانیا لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە سەبارەت بە ئێران و پرسی کورددا و چۆنیەتی ڕاکێشانی سەرنجی دامودەزگا بریتانیاییەکان بۆ لای پرسی کورد لە ئێران خستەڕوو.

لەبەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا گفتگۆیەکی کراوەو دەوڵەمەند لەنێوان هەیئەتی میوانو هەیئەتی حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە دۆخی نوێی ناوچەو کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر بزووتنەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەتایبەتی بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا بەڕێوە چوو، و دواتر لە کەشێکی گەرم و دۆستانەدا کۆتایی بە دیدارەکە هات.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە ڤانکۆڤێری کانادا




ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە، ٢١ی بەفرانبار کومیتەی ڕۆژئاوای ڤانکۆڤێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کانادا بەرنامەیەک بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کومیتەی کانادای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستو هەشتەمین هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا خوێندرایەوە.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا وێڕای ئاماژە بە مێژوویی دامەزرانی کۆماری کوردستانو تیشک خستنە سەر بەشێک لە دەسکەوتە مێژووییەکانی کۆماری کوردستان، ئاورێکیش لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێستای ناوچەو ئێراو کوردستان درابۆوە.

ئاماژە بە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانو ئێران، درێژەی ئێعدامو بەربەستو ئاستەنگەکان لە بەردەم چالاکیی سیاسیو وەک خۆی مانەوەی قەیرانی ئابووریو قورساییەکەی لە شەر شانی خەڵکو، هەروەها پێویستیی هاوکاریی زیاتری حیزبە کوردستانییەکان چەند تەوەرێکی ئەو پەیامە بوو.

شایانی باسە لە برگەکانی دیکەی ئەو ڕیورەسمەدا پەیامی پیرۆزبایی حیزبە سیاسییەکانی بەشدار وەک یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانو ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێر خوێندرانەوەو کۆڕیادەکە بە گۆرانیو مۆسیقاو شایی بەشداران درێژەی پێ درا.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی

## « لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەی مێژووی حیزبی دموکراتی کوردستان»



کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەبەرەبەری ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی « لێکدانەوەی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان» بۆ ئارش لوڕستانی، کادری ڕاگەیاندنی حیزب بەڕێوە برد.

لەم سمینارەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی بەفرانبار پێکهات، ئارش لوڕستانی بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ ناسیۆنالیسمی کوردیو پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو، پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتییەکان تیشکی خستەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستانو ئەو هەوڵەی حیزبی دیموکراتی لە ڕەوتی ناسیۆنالیسمی کورد لە ڕۆهەڵاتی کوردستان بەرز نرخاند.

ئارەش لوڕستانی لە پێناسەی کۆماری کوردستاندا بە ئاماژە بە وروژاندنو پەرەپێدان بە هەستی بڕواو متمانە بەخۆبوون لە نێو کورددا هاتە سەر ئەوەی کە بۆ یەکەمین جارو لە کۆماری کوردستان دابوو کە ئەزموونی دیموکراسی لە ئێرانو لە کوردستان تاقی کرایەوە.

خوێندنەوەییەکی کۆمەڵناسانە بۆ شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ _ ٤٧ ، دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بە میتینگە ١٠٠ هەزار کەسییەکەی لە مەهاباد، بەردەوامیی خەباتی بەرگریکارانەی کورد لە جوغرافیای سیاسیی خۆیداو لە دەستچوونی ڕێبەرانی حیزبی دیموکڕاتو سێ سەرۆک و سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەو کاردانەوەیان لەسەر خەباتی حیزبی دیموکڕات لە نێوخۆو ئاستی جیهانیدا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئارەش لوڕستانی لەو کۆبوونەوەیە بوون.

کۆرگێر لە درێژەی باسەکانیدا بە ئاماژە بە سێ شێوازی گۆڕینی سیستمی سیاسیو لێکدانەوەی گۆڕینی ئاراستەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕەوتی گۆڕینی سیستەمی سیاسیی وڵاتدا لە ساڵی ٥٧، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە گۆڕینی ئاراستەی شۆڕش بەرەو دامەزرانی ویلایەتی فەقیە بە کردەوە بەردەوامیی پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانی لێ کەوتەوە.

شایانی باسە لە دوایین بەشی ئەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک لە ئامادەبووان بە خستەڕووی ڕاو تێبینیی خۆیان بەشدارییان لە باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا کرد.

## سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارلمانی بریتانیا



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧ی ژانویەی ٢٠١٤، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێکهاتوو لە دوکتور سەعید شەمس و مەولوود سوارە لەگەڵ لۆرد ئێریک ئێفبیری، جێگری کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کۆبونەوە.

ئەم کۆبونەوەیە لە درێژەی کار و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات لەپێوەندی لەگەڵ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بوو.

هەیئەتی حیزب لەبابەت لەسێدارەدان و گرتن و کوشتنی گەنجانی ڕۆژهەڵات و بەشێکی زۆر لەو زیندانیانەی کە سزای سێدارەیان بە سەردا سەپێندراوە و چاوەڕوانی سزاکەیانن لەگەڵ بەڕێز لۆرد باس و ڕاوێژیان کردو، بەشێکیتری باسەکانی دوولایەن پێوەندی بە کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بوو کە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان هەر ڕۆژە گیانیان دەبێتە ئامانجی هێرشی هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیو باس لەسەر سووتانی قوتابخانەی شیناوێی سەر بە شاری پیرانشار و سووتانی زیاتر لە ٣٧ منداڵی قوتابیی کورد کە بەهۆی کەمتەرخەمی وەزارەتی پەروەردەوەی ڕژیمی ئێرانەوە بوو و چەند کەسیان گیانیان لەدەست دا و بەشێکی بەرچاویشیان بە گیانی سووتاوەوە بوونەتە بارێکی قورس بە سەر بنەماڵەکانیانەوە.

هەر لەو دانیشتنەدا داوا کرا کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا بەدوای ئەو داوایانەوە بچن و ڕێگە نەدەن کە چیدی لاوانی کورد لەسێدارە بدرێن و بۆ ئازادی ئەو زیندانیانە هەوڵی جیددی بدرێ و هەروەها فکرێکی بنەڕەتی بۆ ڕێگرتن لە کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بکرێتەوە و بۆ ئەو منداڵانەی ئاوایی شیناوێش هەوڵی جیددی بدرێت بۆ هێنانە دەرەوەیان بە مەبەستی چارەسەری، چونکە دامودەزگاکانی ڕێژیم خۆیان لێ بەخاوەن ناکەن و لەو دۆخە ئابوورییە نالەبارەی ئێرانیشدا بنەماڵەکانیان توانای چارەسەری گونجاوی ڕۆڵەکانیان نییە.

شایانی باسە لەو دیدارەدا هەیئەتی خانەخوێ بەڵێنیان دا لەو پێوەندییەدا ئەوەی لە دەستیان بێ، دریخی نەکەن و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ دامودەزگا پێوەندیدارەکانو وەزارەتی تەندروستی بریتانیا و نەخۆشخانە تایبەتییەکانی ئەو وڵاتە پێوەندی بگرێن، بۆ ئەوەی بتوانن هەوڵێک بۆ چارەسەری ئەو منداڵانە بدەن.

لە تەوەرێکیتری ئەو دیدارەدا باسێکی تێروتەسەل لەسەر هەڵبژاردنی رووحانیو هاتنە سەرکاری و بەتایبەت ڕێکەوتننامەی ژنێڤو ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی کۆماری ئیسلامی کراو هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لەمەر دەستێوەردان لە کاروباری فەلەستینو پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنانو لایەنە تێرۆرسیتییە نێودەوڵەتییەکانو هەروەها دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراقو ئەفغانستان و سووریە باس و ڕاوێژ کرا.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا لیستێک لە گیراوانی کوردو هەروەها زیندانیانی چاوەڕێی ئێعدام و دۆکۆمێنتێک لەسەر منداڵانی شیناوێ کە لەلایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادە کرابوو، پێشکەش بە لۆرد ئێفبێری کرا.

## بەبۆنەی مەرگی برایم کانیەزەردی، کۆڕێکی پرسەو ماتەمین لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو



شەوی پێنجشەممە، ٢٥ی بەفرانبار کاک برایم مەولودی، ناسراو بە برایم کانیەزەردی، پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دێموکڕات خەڵکی گوندی کانیەزەردی ناوچەی سەردەشت بەهۆی جەڵتەی دڵ لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو لە شاری قەڵادزێ بەخاک سپێردرا . بەم بۆنەیەوکۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دیموکرات بەڕێوەچوو.

بەبەشداریی بنەماڵەی پێشمەرگەی کۆچکردوو کاک برایم کانیەزەردیو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی خوالێخۆشبوو کاک برایم کانیەزەردی بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٨ ی بەفرانبار لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوە چوو، کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کورتی لەسەر کەسایەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کاک برایم کانیەزەردی بۆ بەشداران دوا.

کاک مستەفا مەولوودی لە قسەکانیدا باسی لە تێکۆشانی ماندوونەناسانەی برایم کانیەزەردی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانیدا کردو وێڕای بەرزنرخاندنی کارو تێکۆشانی ئەو، تیشکی خستە سەر ئەو ڕەهەندە لە ڕەفتارو هەڵسوکەتی کاک برایم کانیەزەردی کە ئەوی لەلای هاوڕێیانیو ناسیاوانی خۆشەویست کردبوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا سپاسنامەی بنەماڵەی کاک برایم کانیەزەردی لەلایەن کاک خدر پاکدامەنەوە خوێندرایەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٤
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤

لە خوێنەرانەوە

سەرنج بدەن!

«کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## گوشارهێنانی ئیتلاعات بۆ کافینێتەکانی بۆکان

ئیدارەی ئیتلاعات لەشاری بۆکان تەواوی کافینێتەکانی ئاگادار کردۆتەوە کە لەوە بەدواوە هەرکەس سەردانی کافینێتەکان بکاو کاری ئینتێرنێتی هەبێت، دەبێ ئاگاداریان بکەنەوە. دیارە پێشتریش ئەو کارەیان کردوەو تەنانەت دووربینی مەداربەستەیان دانابوو بەڵام ئێستا پۆلیسی ئینتێرنێتیان داناوە کە بۆخۆیان چاودێریی کافینێتەکان دەکەن کە بزانن کێ هاتوچۆیان دەکاتو سەرەڕای ئەوەش داوای هاوکارییان لە کافینێتەکان کردوە



کە ئاگاداری پۆلیسی ناوبراو بکەن.

هیوا چیا – بۆکان

## بیروڕای جیاواز سەبارەت بە داوای بە ئوستانبوونی مەهاباد لە نێو خەڵکدا

سەبارەت بە پرسی بە ئوستانبوونی مەهاباد لەوەتی کە نوێنەری ئەو شارە ئەو لێدوانەی داوەو داوای پارێزگای کوردستانی باکووری کردوە، بیروڕای جیاواز لە دەمی خەڵکەوە دەبیسترێ کە قۆڵێکیان بە شتێکی ئەرێنی دەزانن و پێیان وایە کە کارێکی زۆر باشە چونکە زۆربەی کارە ئیدارییەکانیان بۆ نیزیک دەبێتەوەو هێندە بۆ کارێکی بچووک پارە خەرج ناکەن تا بچنە ورمێ. بەڵام کاردانەوەی لەلای زۆربەی خەڵک ئەوەیە کە دەڵێن حکوومەتی ئێران ماوەی چەند ساڵێکە بە سیاسەتێکی زۆر شەیبیادانە و بە کەڵک وەرگرتن لە مۆرەکانی خۆیان لە پارلمانو هەر کەرەت بە ناوێک دەیانهەوێت کە شوناسی پارێزگا لە پارێزگایەکی کە بە ڕێژەی سەدا ٧٠ی دانیشتووانی کوردن، بگۆرن و بە جیاکردنەوەی ئەو چەند شارەی کە هەموو دانیشتووانی کوردن و سوننی مەزهەب، بیسەلمێنن کە بە غەیری ئەو چەند شارە لە پارێزگای ورمێ کوردی دیکەی تێدانیشتەجێ نییە. هێندیکیشیان دەڵێن کە ئەگەر ئەو کارە جێبەجێ ببێت کورد بە دەستی خۆی کارێک دەکات کە شوناسی کورد بوونی شارەکانی دیکەی پارێزگا وەک (خۆی، سەلماس، ورمێ، ساین، قەڵا و تیکاب) دەسڕێتەوەو کارێک دەکات کە ڕێژیمە یەک بە دوایەکەکان لە مێژە دەیانەوێت بیکەن. ژمارەیەکیش نەزەریان ئەوەیە کە دەبێ ناوی پارێزگایە کە لە ئازەربایجانەوە بگۆڕدرێت بە ناوێکی تر نەک دابەش بکرێت بە دوو کەرتەوە.

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ لێدوانێکی نوێنەری سەردەشت و پیرانشار یا بڵاوکراوەیەک لە لایەن ئەوانەوە نەدراوە یا ئەوەتا بڵاو نەکراوەتەوە کە ئێمە نەمان بیستوە.

هەردی رێبوار لە سەردەشتەوە.

## مردن بەهۆی خواردنی پڕتەقاڵێک!

چەند رۆژ لەمەوبەر لە گوندی قاراوای سەقز کەسێک بە ناوی محەمەد لە بازاری پرتەقاڵی کڕیوە خوواردوویەتی، خواردنی ئەو میوەیە ناوبراوی تووشی نەخۆشی کردوە کە پاشان گەیاندراوەتە نەخۆشخانە و بەداخەوە لە نەخۆشخانەدا گیانی لەدەست داوە.

ئەو کەسەی کە میوەکانی فرۆشتوە دەسبەسەر کراوە و تا ئێرە دەڵێن ئەو میوەیە ژەهراوی بووە.

## کاری سەددی باڵان لە ناوچەی سەردەشت باش دەچێتە پێش



کاری دروست کردنی سەدی باڵان زۆر باش دەڕواتە پێش، هەر ئێستا لە پشت باڵان خەریکن بردێکی تازە لێ‌بدەن کە درێژیەکەی ٤٠٠ میترو پانایی‌یەکەی ١١ میتر بەرزاییەکەی لە سەتحی ئاوەکە ٥٠ میتر دەبێت. هەروەها جادەی بانە بە پشت بریسویدا دێتەوەو لە گەڵ پردەکە سێڕییانێک دروست دەکا کە بۆ ڕەبەتو بانەو سەردەشت دەڕوات. هەروەها وەها زانیومە کە قەرارە سەددێکی دیکە لە شیوەمیرە لێ‌بدەن کە لەو لای میراوێیە نزیک بە پردانی پیرانشار کە ئێستا بە پێی زانیاری‌یەکان لە ژێر هەڵکەندنو موتاڵا دایە.

## تێکهەڵچوونی خەڵکی سەریاس لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران

لە نیوەڕاستی مانگی بەفرانبار هێزێکی زۆر و زەوەندی سوپای پاسداران بە بیانووی پشکنینی ماڵێک لە ئاوایی سەریاس لە ناوچەی پاوە هەڵیان کوتایە سەر ئەو گوندە و دەستیان کرد بە بێڕێزی و ڕەفتاری توندوتیژ. ئەو هێزانە لەگەڵ کاردانەوەی توندی خەڵکی ئەو ئاواییە بەڕەوروو بوونەوە.

بەهۆی بەدڕەفتاری هێزەکانی ڕێژیم تێکهەڵچوونێکی توند لە نێوان هەردوولا ڕوویدا و لەو تێکهەڵچوونەدا ئەکبەر حوسێنی کوڕی حاجی عینایەت خەڵکی ئەو ئاواییە بە توندی بریندار بوو و دەستی کوڕێک بە ناوی هەژیر حوسێنی کوڕی ڕەزا شکاوە باوکیشی لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراو، کە دواتر لە ژێر فشاری خەڵکدا بە ناچار ئازادیان کرد.

پێویستە بگوترێ ئەوە جاری یەکەم نەبوو کە حکوومەت پەلاماری خەڵکی نیشتمانپەروەری ئەو گوندەی دەدا. چەندین ساڵ پێش ئێستا ئەو گوندە چەند جار پەلامار درابوو کە هەر جارە لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵکی ئەو ئاواییە ڕووبەڕوو ببوون.

هێزەکانی ڕێژیم دواتر کەسێکی خەڵکی ئەو گوندەیان بە ناوی ڕەزا حوسێنی دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستوە.

## لە شاری سەقز لە دووشوێندا ڕێژیم دەزگای پارازیتی داناوە

لە حاڵێک دا ئەو دوو شوێنە لە جەرگەی شاردایە یەکێکیان شارەبانی لە گەڕەکی شارەبانییە دووهەمین سپای پاسداران لە بلواری بانە لە تەنیشت فەرماندارییە لە هەردوو شوێنەکە دەزگای پەخشی پارازیت بە دەکەڵی موخابەراتیەوە بەستراوە بویە بە دوو دەلیل ئەو دوو شوێنەیان دیاری کردوە یەکەم ئەو شوێنانە نیزامین پارێزراون، دووهەم زۆرتری شار پووشش دەدەن.



شارەبانی، گەڕەکەکانی بەردبڕان، تەپەی ماڵان سپوور ئاوا، شاناز، کەریم ئاوا، چوارڕا، سیلۆ، جامیعە، کازمخان، کانی هەیازبەگ، پووشش دەدەن و سپا، گەڕەکەکانی بلواری بانە، بیمارستان بلۆاری وەحدەت، جوتیاران، کانی گەرمکاو، دادگای کۆن، قەوخ شەهرەک، بەهارستان تازاوا پووشش دەدات، بەم جۆرە شاری سەقز ئەخەنە ژێر پارازیتو گوێ بەوە نادەن کە پارازیت چەندە زەرەری هەیە بۆ هاووڵاتیان هیوادارم کە رۆژێک بێ کە لە هەموو جیهاندا پارازیت مەمنووع بێت و ڕیگری لە هەموو ئەو وڵاتانە بکەن کە پارازیت بە کارئەهێنن.

بە ئومێدی ئەو رۆژە ١٣٩٢ /١٠/١٨

علی.م، لە سەقزەوە

## سەوڵاوا — داوای ٥٠٠هەزار تمەن پووڵ لە بنەماڵەی هەر قوتابی‌یەک

بەرپرسانی دەبیرستانی شەوو ڕۆژیی سەوڵاوا بە قوتابیانی کچی ئەو خوێندنگەیەیان ڕاگەیاندوە کە دەبێ هەر کام بڕی ٥٠٠هەزار تمەن بدەن بەو خوێندنگەیە.

بەرپرسانی ئەو دەبیرستانە گوتویانە کە بەهۆی کەمیی بوودجەو بە مەبەستی دابینکردنی سووتەمەنیو پێداویستییەکانی دیکەی ئەو خوێندنگەیەی کچان، دەبێ بنەماڵەکانیان یارمەتیی خوێندنگەکە بدەنو هەر کام لەوان بڕی ٥٠٠هەزار تمەن بدەن.

بەرپرسانی دەبیرستانی شەوو رۆژیی سەوڵاوا گوتویانە هەر بنەماڵەیەک ئامادە نەبێ ئەو بڕە پارەیە بدا، ئەوا قوتابییەکانیان بۆیان نیە رۆژان و شەوانی پێنجشەممە و هەینی لە خوێندنگەکە بمێننەوەو ئەوەش بۆتە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایەتیی زۆری ئەو بنەماڵانەی لە گوندەکانی دەوروبەرەوە کچەکانیان بۆ خوێندن بۆ ئەو خوێندنگەیە ناردوە.

سیروان لە سەوڵاواوە

## تاوانو ڕاوڕووت لە دژی کاسبکاران



شەوی ١٠لەسەر ١١ی بەفرانبار چەند کاروانچی دەکەونە کەمینی هێزەکانی رژێم لە شاخی دۆلان پشتی بێتووشی ئالان لە ئاکامدا ١٥ سەر وڵاغی کاسبکاران بە بارەوە دەگیرێن.

هەر لە سەردەشت شەوی ١٤ی بەفرانبار لە گوندی مارەغان چەند ماشێنی کاسبکاران دەکەونە کەمینی هێزەکانی رژێمو تەقەیان لێ‌دەکرێ، لە ئاکامدا کەسێک بە ناوی وەفا کوڕی حاجی چاوشین خەڵکی کۆڵەسە کە ئێستا نیشتەجێی سەردەشتە، بریندار دەبێت ٢ ماشینی پڕ لە کەلوپەلی کاسبکاران دەگیرێ دەگەڵ بریندارەکە دەیبەنە شاری سەدەشت. هەر ئەو شەوە لە پۆلیس‌ڕای بێزیلێ تەقە لە کەسێکی دیکە بە ناوی سامان خەڵکی گوندی نەڵاس دەکرێ ناوبراو بریندار دەبێتو بەبرینداری دەگیرێت، دەگوترێ ناوبراو دواتر لە ژێر شکەنجەدا کوژراوە.

## دۆزرانەوی تەرمی لاوێکی سەردەشتی



تەرمی لاوێکی سەردەشتی کە لە کاتی چوون بۆ هەندەران گیانی لە دەست دابوو، دۆزرایەوە.

تەرمی ئەو لاوە کوردە سەردەشتییە کە ماوەیەک لەوەپێش لەسنووری نێوان ئێران و تورکیە لە کاتی رۆیشتنی بۆ هەندەران بە هۆی سەرماو سۆل گیانی لە دەست دابوو بە ناوی «فەردین شێرزاد» (حەکیم پوور) کوری خزر خەڵکی نیسکاوێ، خویندکاری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەهەشتیی تاران کە ماوەیەکیش لە لایان ڕێژیمەوە گیرابوو گەڕاندرایەوە و لە ناو خەم و پەژارەی خەڵک لە سەردەشت بە خاک ئەسپێردرا.

لە دەست چوونی ئەو لاوانەی کە بەهۆی جۆراوجۆر لە ناوچەی سەدەشت لە دەستیان دەدەین بە تەواوی خەم و پەژارەی خستۆتە ناو دڵی خەڵکی ناوچەکە. بەڵام بە داخەوە تا ئیستاش کەس لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران خۆیان بە بەرپرس نازانن و هیچ بە دواداچوونیشی بۆ ناکەن. بە داخەوە بنەماڵەکانیش لە ترسی ئەوەی کە نەکا دیەیان نەدەنێ، بیدەنگییان هەڵبژاردوە و چاویان لەو بڕە پارەیە بریوە کە دەوڵەت بۆ کوشتنی رۆڵە کانیان دەیانداتێ.

لە هەردی رێبوارەوە

## تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە ماشێنێکی شەخسی

رۆژی ٩٢/١٠/١٣ ماشینێکی شەخسی کە لە شاری سەردەشتەوە بەرەو نەڵاس دەگەرایەوە لە شوێنێک بە نێوی باسکە دوو لە نزیک شاری سەردەشت تەقەی لێ دەکرێ و لە ئاکامی ئەو تەقە کردنە دا کەسێکی شارۆچکەی نەلاس بە ناوی سامانی خزری کوری رەحمان دەکوژرێ. ناوبراو تەمەنی ٢٠ ساڵە هیچ شتێکی قاچاخی پێ نەبوو تەنیا لە شارەوە بەرەو ماڵ گەراوەتەوە تەقەی لێ‌کراوە.

رۆژین لە سەردەشتەوە

## دیسان خۆ کوشتنی لاوێک لە سەردەشت

بە پێی هەواڵێک کە بە دەستمان گەیشتوە رۆژی ١٣٩٢/١٠/٢٢ لاوێکی تەمەن ١٥ساڵ بە ناوی ئارمان باوەڕی، کوڕی عومەر خەڵکی شاری سەردەشتو دانیشتووی گەڕەکی مارەغان خۆی خنکاندوە، ناوبراو قوتابی بووە.

## نرخی جۆرەکانی میوە لە گەڕەکی ڕەساڵەتی تاران لە ١٩ی بەفرانباری ئەمساڵدا



سێوی سوور کیلۆی ٥٨٠٠ تمەن، هەنار کیلۆی ٤٠٠٠ تمەن، کیوی کیلۆی ٤٩٠٠ تمەن، مۆز کیلۆی ٤٥٠٠ تمەن، نارنگی بەندەری کیلۆی ٧٥٠ تمەن، نارنگی کیلۆی ٣٥٠٠ تمەن، سوورە تەماتە شومالْ کیلۆی ٤٨٠٠ تمەن، پرتەقالْ کیلۆی ٣٩٠٠ تمەن، خیار کیلۆی کیلۆی ٤٣٠٠تمەن، پرتەقاڵی خوێنی ٣٨٠٠ تمەن

# کوردستان

٤

ژمارە: ٦٢٤

٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢

٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤


**پەیام**


**لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییەکان، هۆکارە جوعرافیاییەکانو رادەی دانیشتووان سنووری نەتەوەکانی ئێران دیاری دەکەن، هەر کاتیش لەسەر شوێنێک یان ناوچەیەک کێشە هەبێ، ویستی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناچەیە کۆتایی بە کێشەکە دێنێ، ئەمەش ئەو کاتە دەگونجێ کە نەتەوەکانی ئێران مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەبێو بە شێوەی دیموکراتیکو لە رێگای وتووێژەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.**



**مافە نەتەوەییەکان بەرچاوترین تایبەتمەندی شوناسی کورد بووەو ئەو شوناسە بنەمای فەلسەفەی بزووتنەوەکە پێکدێنێ. کۆماری کوردستان کە هێمای دەسەڵاتی کوردە لە ئێران بە شێوەی بەڕێوەبەری‌و پراگماتیکی هەموو چالاکییەکانو رێکخراوەکانی لەسەر ئەم سەروەرییە دادەمەزرێنێ.**

ئارەش لۆرستانی


**درێژەی:**

# پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان!

بەرنامەو تاکتیکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجە خوازراوەکان دابنرێ. مێژوو شاهیدی ئەوەیە کە دامەزرانی کۆماری کوردستان نموونەی هەرە بەرچاوی لێزانیی رێبەرانی ئەو کاتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەتی نەمر پێشەوا قازی محەممەد لە بارەی هەلومەرجو دەرفەتەکانی سەردەمی خۆیەتی.

لەسەر دەمی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا هەلومەرجێکی تایبەت بۆ ئێران و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران‌دا هاتبووە پێش و هێزی سێ وڵاتی گەورەی دنیا، یەکیەتیی سۆڤیەت، بریتانیاو ئەمریکا بە هاتنە نێو خاکی ئێران ئیرادەیەکی سیاسیی ئەوتۆیان بۆ حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسیی لەو وڵاتەدا نەهێشتبۆوە. لەئاکام‌دا بەشێک لە کوردستان بە تایبەتی ناوچەی موکریان ومەهاباد بۆشایی سیاسی تێ‌دا دروست بوو. لەو هەلومەرجەدا کورد توانی ئیرادەی سیاسی‌و بەرێوەبەریی خۆی بنوێنێ و لەبیری دروستکردنی رێکخراو و حیزبی سیاسی دابێ‌و سەرئەنجام دامەزرانی کۆماری کوردستانی لەم بەشە لە خاکی رۆژهەلاتی کوردستان راگەیاند. بەو جۆرە زۆر بە دروستی لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت‌و بوو بە خاوەنی ئیرادەی سیاسی ونەتەوەیی خۆی.

کۆماری کوردستان ئەزموونێکی بەنرخی دیکەی بۆ نەتەوەی کورد تێدایە. لە مێژووی کۆن‌و هاوچەرخی کورددا گەلێک جار دەرفەتی لەبارو گونجاو بۆ چەسپاندنی ئیرادەی نەتەوەیی لە گۆڕێ دابووە بەڵام کەڵکیان لێ‌وەرنەگیراوە. ئەم ئیرادەیە لەسەردەمی کۆماری کوردستان‌دا خۆی نواندو ئەم دەرسە بوو بە هەوێنی خەبات‌و تێکۆشانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و بۆ هەموو نەسلەکانی داوی خۆی.

**هاورێیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**هێزو لایەنە سیاسییە نیشتمانپەروەرکانی کورد!**

ئێمە لە کاتێک دا یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە ماوەی چەند ساڵێکە ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم چارەنووسی نەتەوەی کورد دایە.

لە باشووری کوردستان،حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر کارەکە پاش کۆماری کوردستان گەورەترین‌و درێژخایەنترین ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی کوردە کە بە خۆشییەوە ساڵ لەگەڵ ساڵ سەقامگرتووتر دەبێ‌و بەرەوپێشتر دەچێ. ئەم حکوومەتە لە هەلومەرجێک‌دا پێک هات کە لە زۆر بارەوە وەک هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچێ. لەم بەشە لە کوردستان‌دا گەلی کورد توانیویەتی هەلومەرج‌و باردۆخە ناوچەیی‌و جیهانییەکان بە باشی بخوێنێتەوەو لە قازانج‌و بەرژەوەندیی باشووری کوردستان‌دا بەکاریان بێنێ‌و تاکتیک‌و شێوەی گونجاو لە دەرفەت‌و هەلومەرجەکان‌دا بگرێتە پێش. هەر بۆیەش لە گێژاوی ئەم ناوچەیەدا بە ئارامی ماوەتەوە.

لە باکووری کوردستان خەباتی شاخ و شاری تێکۆشەرانی کورد پرسی کوردی لە وڵاتی تورکیە کردوە بە پرۆسەیەکی سیاسیی گرینگ‌و کار بەدەستانی سیاسیی ئەو وڵاتەو دەوڵەتی ناچار کردوە بۆ ئەوەی گرفتەکانی نێوخۆی وڵاتی تورکیە لە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی چارەسەر بکەن، دەست لە قانوونی ئەساسی ئەو وڵاتە وەردن‌و تەعدیلی تێدا بکەن تاکوو بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەوەش بە سوودی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتەیەو بەخۆشی‌یەوە کوردیش خەریکە لەو دەرفەتە کە هاتوتەپێش سوود وەردەگرێ بە شێوەیەکی گونجاو بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی هەوڵ دەدا.

لە رۆژئاوای کوردستان لەو چەند ساڵەی رابردوودا هەر چەند شەڕو ئالۆزیەکی زۆر لە وڵاتی سووریەدا هەیە، کە هەتا ڕادەیەکی زۆر کوردیشی لەو ولاتە تووشی کێشەو ناخۆشی کردوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا دەرفەتێکی مێژوویی بۆکورد رەخساوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکە دەتوانن بە باشی سوود لەم دەرفەتە مێژوویی‌یە وەربگرن. ئەوە کە ئیدارەیەکی خۆبەرێوەبردنی کوردی لەم بەشەی کوردستان بۆتە بەرنامەی کاری بزوتنەوەی کورد جێگای خۆشحاڵییە. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە کە لە رێگای بایەخدان بە موشارەکەتی گشتی و بەشداریی هەموو هێز و لایەنە سیاسیی‌یەکانی خۆراوای کوردستان لەم ئەزموونەدا، بناغەی دەسەڵاتی کوردی بۆدواتر بە پتەوی دەستەبەر بکەن.

**هۆگرانی رێگا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان!**

هەم دەرفەت و هەلومەرجەکانی سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەم سیاسەت و تاکتیک‌و پێکهاتەی رێبەرانی کۆماری کوردستان لەچاو بزووتنەکانی پێش خۆی جیاواز بوو. شەخسی پێشەوا قازی‌و رێبەرانی حیزبی دیموکرات بە گوێرەی هەلومەرج و دەرفەتەکانی سەردەمی خۆیان بەرنامەی سیاسیان دادەڕشت. ئەوە ئەزموونێکی بە نرخی دیکەی کۆماری کوردستانەو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لەوئەزموونە لە هەلومەرجی جیاوازدا هەوڵی داوە سیاسەتی گونجاو بگرێتە بەر. لەگەل ئەوە دا حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ تەوەهۆمێکی بە نیسبەت رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوو و نیە، بەڵام لە مێژووی خەباتی ئەو سی و پێنچ ساڵەدا لەبەرامبەر ئەم رێژیمەدا بە شێوەی جۆراوجۆر و گونجاو خەباتی کردوەو تاکتیکی جیاجیای گرتۆتە پێش. ئەم حیزبە بە بەردەوامی خەڵکی هان‌داوە بەشداری خەبات بن و لە دەرفەتە رەخساوەکان کەلک وەربگرن و بەو جۆرە لە بوارێک لە بوارەکانی خەبات‌دا نەخش و دەوری خۆیان بنوێنن. ئەو سیاسەتەی حیزبی ئێمە ئەو مەجالەی بۆ خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخساندوە کە زۆرتر گرینگی بە نەخش و دەوری خۆیان بدەن‌و لە مەیدانەکان‌دا خۆ نیشان بدەن و ئەوەندەی کراوە پێوەندییەکی باشتر لە نێوان خەباتی دەرەوە و ژوورەوە دروست بێ. ئێمە پێمان وایە دەکرێ مەیدانەکان جیاواز بن بەڵام ئامانجەکان یەک بن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا سەرکەوتوو بووە و لە درێژەی ئەو سیاسەتە دا، هەوڵی داوە کەڵک لە هەموو دەرفەت و مەجالەکان وەربگیرێ. دڵنیاین بەو جۆرە ئەزموونی بزووتنەوەی کورد دەوڵەمەند دەبێ و پرسی کورد شانسی جۆراوجۆر و زیاتری بۆ بەرەو پێشچوون بە دەست دەکەوێ.

**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

لە کاتێکدا رێز لە یادو بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەگرین کە پێشنیاری نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە بارەی ئوستانی باکووری کوردستانەوە دژکردەوەی لە لایەن نوێنەرانی ئازەری لە مەجلیس دا بەدواوە بوو. ئێمە لەسەردەمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا ئەزموونێکی بە نرخمان لە پێڕاگەیشتن بەم کێشەیە هەیە. هاوکاریی هەردوو حکوومەت لەم بارەیەوە یەکێک لە لاپەڕە زێرینەکانی پێوەندیی دۆستانەی دوو نەتەوەی کوردو ئازەرییە. ئێمە حەساسییەت و لێدوانی توندی هیچ لایەک لەم بارەیەوە بە قازانج نازانین. ئەم کێشەیە لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا نەک هەر چارەسەر نابێ بەڵکوو لەوانەیە کەڵکی خراپی لێ‌وەرگیرێ. ئێستا نە نەتەوەی کورد و نە ئازەرییەکان خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان نین. ئەوەی لە ئێستادا لە هەموو کات پێویستترە هاوپێوەندی‌و هاوخەباتیی ئەو دوو نەتەوەیە، تێکۆشانیان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکانیان‌و هەوڵ‌و خەباتیان لە پێناو لاوازکردنی دیکتاتۆریی ناوەندی‌دایە. لەم پێوەندییەدا پێویستە تواناکانیان یەک بخەن‌و پشت‌و پشتیوانی یەکتری بن بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان.

لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییەکان، هۆکارە جوعرافیاییەکان‌و رادەی دانیشتووان سنووری نەتەوەکانی ئێران دیاری دەکەن، هەر کاتیش لەسەر شوێنێک یان ناوچەیەک کێشە هەبێ، ویستی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناچەیە کۆتایی بە کێشەکە دێنێ، ئەمەش ئەو کاتە دەگونجێ کە نەتەوەکانی ئێران مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ‌و بە شێوەی دیموکراتیک‌و لە رێگای وتووێژەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

لەسەر تەقسیماتی کیشوەریی ئێستا، بە تایبەتی لەو شوێنانە کە نەتەوە بندەستەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد دەژین، قسە و تێبینی خۆی هەیە و لەو بارەوە وایە کە دەبێ لە سەر ئەساسێکی درووست، نەک داسەپاو و بێ سەرنجدان بە ویستی خەڵکی ئەو ناوچانە، لە هەلومەرجێکی لەباردا چاویان پێدا بخشێندرێتەوە. گرنگترین شت لە هەلومورجی ئێستادا ئەوەیە لە لایەکەوە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکیەتی و یەکرێزیی خۆیان بە هێزتر بکەن، لەلایەکی دیکە نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌و تێکۆشان بۆ بە دەستهێنانی مافە نەتەوەیی یە کانیان دا، هاوخەبات و پشتیوانی یەکتر بن. ئەمەش یەکێک لە پەیامەکان‌و دەرسە گرنگەکانی کۆماری کوردستانە کە بۆ ئێمە ماوەتەوە.

لە ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، جارێکی دیکە وەفاداریمان و پێداگریمان لە سەر رێگاو ئامانجەکانی ئەم کۆمارە و سەر کۆماری شەهید پێشەوا قازی محەممەد دووپات دەکەینەوە و دڵنیاتان دەکەین ئەزموونەکان و پەیام و وانەکانی کۆماری کوردستان هەر وەک دەیان ساڵی ڕابردوو دەیکەین بە رێنوێنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بە هیوای سەرکەوتن

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

رێبەندانی

١٣٩٢ی هەتاوی

# چاوخشاندنێک بە سەر پێکهاتەی کۆماری کوردستان و شرۆڤەیەکی کورت




**ئارەش لۆرستانی**

**وەرگێران بۆ کوردی: ئاڵەشین**


گەر بمانەوێ تایبەتمەندییە بەرچاوە پێکهاتەیی و بنەماو بنەڕەتییەکانی کۆماری کوردستان باس بکەین، بە سەرنجدان بە دوو هۆکاری تەمەنی ١١ مانگەو کارکردی کۆماری کوردستان لەو ماوەیەداو هەروەها تاک حیزبی بوونی دەسەڵاتی سیاسی کۆماری کوردستان، شرۆڤەی ئەم سترەکتۆرە مەنتیقی و روون دەردەچێ

گرنگترین پێوەرەکانی شرۆڤەی کۆماری کوردستان، تاووتوێ فەلسەفی، سیاسی، مەدەنی، سەربازی‌و ئابووریین کە دەبێ بەدەر لە دەمارگرژی‌و ئیحساساتەوە هەڵسەنگێندرێن. دیارە بەهۆی کورت بوونی بابەتەکە، ناچار بە شێوەیەکی گشتی مژارەکان باس دەکەین‌و هەڵسەنگاندنەکە ناچێتە نێو وردەکارییەکانەوە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکرێ بە سێ قوناخی نەریتی، مودێرن و هاوچەرخ پێناسە بکەین. ئەم نووسراوەیە تەنیا باسی رۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) دەکا. بە سەرنجدان بە مێژووی دوورودرێژی خەباتی کورد، سەرەتا دەبێ شوناس (هۆویەتی) ئەم خەبات و بزووتنەوەیە کە سەرچاوەی وزەکەیەتی شەنوکەو بکرێ. هەموو بزووتنەوەیەک شووناسەکەی بنەمای فەلسەفی چالاکی و بەردەوامییەتی کە بە سەرنجدان بە شوێنەدانەری و ناکارامەیی، سەرکەوتن و شکستی رێژەیی یان بڕاوەو یەکجاری بۆ بزووتنەوەکە بە دیاری دێنێ. بزووتنەوەی کورد، لە سەرەتاوە هەتا دامەزرانی حیزبی دیموکراستی کوردستانەوە لە قۆناخی نەریتی دابووە، لە کاتی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تا ئەو کاتەی خەباتی چەکداری وەک تاکتیک ئیدی لە ئەولەویەتدا نیە، واتە هەتا ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی تا ئەمڕۆ، قۆناخی مودێرنی خۆی تێپەڕاندوەو لە ساڵی ١٣٧٥یشەوە تا ئەمڕۆکە قۆناخی هاوچەرخی خۆی تێدەپەڕێنێ.

ئەگەر بڕوانینە ئەم سێ قۆناخەی بزووتنەوەی کورد، دەبینین نەتەوەبوونی کوردو تێکۆشان لەپێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بەرچاوترین تایبەتمەندی شوناسی کورد بووەو ئەو شوناسە بنەمای فەلسەفەی بزووتنەوەکە پێکدێنێ. کۆماری کوردستان کە هێمای دەسەڵاتی کوردە لە ئێران بە شێوەی بەڕێوەبەری‌و پراگماتیکی هەموو چالاکییەکان‌و رێکخراوەکانی لەسەر ئەم سەروەرییە دادەمەزرێنێ. بە هوویەت‌و شوناسی تەمەنی یازدە مانگەی کۆماری کوردستان، گەلی کورد روونی کردەوە چی دەوێ‌و ئەو شوناس‌تەوەرییە هەمیشە لە دیپلۆماسی‌و راگەیاندنەکانی کۆماری کوردستان‌دا بەڕوونی رەنگی دایەوەو ئێستاکەش لە بزووتنەوەی هاوچەرخی ئەم گەلەدا ئەم شوناسخوازییە بنەمای هەموو چالاکی‌و بەرنامەڕێژییەکانێتی.

دووەمین فاکتۆر هەڵسەنگاندن لە بواری فۆرم و نێوەڕۆکەوەیە. میتۆدی سیاسی کۆماری کوردستان هەمان چەمکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە دێموکراسی بە ئامرازی گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و خۆشبژیوی و ستراتژیک دەناسێنێ. کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی پراکتیکی نیشانی‌دا دیموکراسی بۆ هەموو هاووڵاتییانی کوردو غەیرە کورد پێویستییەکەو کۆماری کوردستان خۆی لە ئاست بەرگریکردن لە بایەخە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی گەلی کوردو ئەو کەمایەتییانەی لە خاکی کوردستان‌دا دەژین بە بەرپرس دەزانێ. کۆماری کوردستان پێوەندییەکی دۆستانەی دەگەڵ هەموو دراوسێکانی خۆی هەبووو قەت دەستدرێژی نەکردنە سەرو هەڕەشەی لە هیچ کامیان نەکرد. سەردانی ئەو وڵاتانەیان کرد کە هەڵگری دروشمی دۆستایەتی بوون‌و لەو نێوەش‌دا دۆستایەتی یەکیەتی سۆڤییەت‌و ئەڵمانی کرد، دیارە نەک بەهۆی ئەوەی کوردستان کۆمۆنیستی بکا یان گوێڕایەڵ بوونی کۆماری کوردستان بۆ سۆڤییەت، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەو دروشمانەی یەکیەتیی سۆڤییەت سەبارەت بە داکۆکی لە نەتەوە ژێردەستەکان‌و ئەو نەتەوانەی بەدوای سەربەخۆییەوە بوون دەیدا، کۆماری کوردستان بڕیاری‌دا وەک دۆستایەتی سۆڤییەت هەڵبژێرێ. دیارە جگە لە یەکیەتیی سۆڤییەت نە ئێران خودموختاری بۆ نەیەوەی کورد قەبووڵ بوو و نە رازی بوو بەوەی لە رێگای دۆستایەتی‌و دیپلۆماسی‌و پێکەوەژیانێکی کێشەکان حەل بکا، نە وڵاتەکانی دیکەش کە لە قەیرانی شەڕی جیهانییە گلابوون ئەو دەرفەتەیان هەبوو دەگەڵ وڵاتانی دیکە یەکیەتیی پێکبێنن و هاوکارییان بکەن. خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێ باس بکرێ، ئەوەیە پاش وتووێژی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤییەت‌و ئەو بەڵێنانەی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ پشتیوانی کردن لە گەلی کورد بە بەرپرسانی کۆماری کوردستانی دابوو، بە پێشکەشی ئیمتیازی نەوتی باکوور بە یەکیەتیی سۆڤییەت لە لایەن رێژمی شاوە، زۆر سادەو ساکار بەرەی رۆژهەڵات پشتگوێی خستن‌و بەرژەوەندییەکانی خۆی خستە سەرەوەی دۆستایەتی کۆماری کوردستان و حکوومەتی دیموکراتیکی ئازەربایجان. خاڵێکی دیکەی بەرچاوی بنەماکانی سیاسەتی کۆماری کوردستان، کۆمەڵگەتەوەر بوونی سیاسەتی کۆماری کوردستانە، بە جۆرێک کە لە ماوەی تەمەنی کۆماردا هیچ زیندانییەکی سیاسی نابینرێ‌و نوێنەرانی هەموو چینەکانی کوردستان لە سیاسەت‌دا بەشدار دەبن تا


ل ٥

لە راستیدا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کوردو تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان ئاسۆگێکی خرایە بەردەم، ڕێگایەکی هاتە بەردەمو رووگەیەکی بۆ درووست بوو کە بەردەوام بەرەو ئەوێ هەنگاو بنێ. حیزبی دێموکراتی کورستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەسیرێکی روون، شارێگەیەکی دیاری خستە بەردەم نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە هەتا ئێستاشو لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەش هەر بەو ڕێچکەیەدا برۆین.

# چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان



قادر وریا

### کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر بیری تاکی کوردو لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان

پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بەڵگەیەکە بۆ گەشەی نەتەوەییو سیاسیو فکریی سیماکانی ناسیۆنالیزمی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.

پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئەو مانایە دەدا کە پێکهێنەرانی ئەو دەوڵەتەو خەڵکێک کە پشتیوانییان لەو دەوڵەتە کردوە، خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە دەبینن‌و پێناسە دەکەن. نەتەوەکەیان بە شایانی ئەوە دەزانن کە دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی هەبیو بۆخۆی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان رچەشکێنیو تابووشکێنی بوو. رەتکردنەوەی ئەو بۆچوون‌و روانگەیە بوو کە کورد هەر دەبێ ژێردەستەو ژێرچەپۆکە بێ. وەستانەوە بوو بەرامبەر ئەو هێڵە سوورانە کە کورد ناتوانێ حکوومەتو دەوڵەتی خۆی هەبێ. وەدیهێنانی خەون‌و روئیایەک بوو کە زۆر پێشتر لە شێعرو بیری پێشەنگانی بیری نەتەوەیی کورد دا رەنگی دابۆوە. تاکی کورد لە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان، تاکێکی جیاواز بوو لە هی پێش کۆمار. تاکێک بوو کە شایەدی پێکهاتنی کۆماری کوردستان بوو.

بڕوا بە خۆبوون‌و خۆ بە شایانی دەوڵەت هەبوون لەو کات بە دواوە دێتە نێو بیرکردنەوەو ڕوانینی تاکی کورد. کۆمەڵگەی کوردستانیش هەستو بیرێکی نوێی تێدا دروست دەبێ. هەستی خۆ بە جیاواز زانین لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، لەم ڕوانگەیەوە لە خۆی دەڕوانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی هەبووە، سەرکۆماری هەبووە، ئاڵای هەبووە، سوپای نەتەوەیی خۆی هەبووە، خوێندن بە زمانی خۆی هەبووە، کاروباری لە دەست خۆیو نوێنەرانی خۆیدا بووە. بەڵام دواتر ئەم دەسکەوتەو ئەو مافانەیان لێستاندۆتەوە.

لە راستیدا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کوردو تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان ئاسۆگێکی خرایە بەردەم، ڕێگایەکی هاتە بەردەمو رووگەیەکی بۆ درووست بوو کە بەردەوام بەرەو ئەوێ هەنگاو بنێ. حیزبی دێموکراتی کورستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەسیرێکی روون، شارێگەیەکی دیاری خستە بەردەم نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە هەتا ئێستاشو لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەش هەر بەو ڕێچکەیەدا برۆین.

### کۆماری کوردستان بە روخسارێکی شارستانیو مەدەنییەوە بوونی خۆی راگەیاند

کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی نەتەوەییو رووداوێکی سیاسیی گرنگ بوو کە بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی جیهانیو ناوچەیی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. ئەگەرچی لە ناخی وەزعێکی پێکهاتوو بە هۆی شەڕی جیهانییەوە، سەری هەڵدابوو، بەڵام روخسارە مەدەنیو شارستانییەکەی زۆر بەرچاوتر بوو لە سیما سوپاییو جەنگییەکەی. ئەمە بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ستەم لێکراوو وڵات دابەشکراو بووو بە دوای مافەڕەواکانی خۆیدا دەگەڕا. واتە لەو نەتەوانە نەبوو کە سەدان ساڵ مێژووی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکەیان هەبوو.

ناسیونالیزمو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردیش

خسڵەتی حەقخوازیو داواکردنی مافێکی رەوایان هەبووە. واتە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێک هات ئەم راستییە دەسەلمێنن کە کورد بە تەمای داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی نەبووە، بە تەمای ژێردەست کردنی نەتەوەکانی دیکە نەبووە بەڵکوو ویستوویە لەسەر نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژیو چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆی دابێ. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف، پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەموویان ئەم خسڵەتەیان پێوە دیارە.

لە راستیدا کۆماری کوردستان بۆ ئەوە دروست نەببوو کە ئیمپراتۆرییەی کوردی لەسەر حیسابی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکە دروست بکا، ئەو کۆمارە بۆ ئەوە پێکهاتبوو کە مافەکانی سەدان ساڵ پێشێلکراوی کورد بۆ کورد بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوە دروست کرابوو کە نەتەوەی کورد هەم لە نێوخۆیدا بە ئاشتیو ئازادی بژیو ستەم چەوسانەوە نەهێڵێ، هەم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە برایەتیو ئاشتی بژی.

ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەردەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەوەندەی دێنشینی بوو، شارنشین نەبوو، ئەوەندەی نەخوێندەوار بوو، خوێندەوار نەبوو، بەڵام چونکە رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و دامەزرێنەرانی کۆمار، مرۆڤی زاناو رۆشنبیرو کەسایەتیی ماقووڵی سەردەمی خۆیان بوون، هەوڵیان ئەوە بوو نموونەیەک لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەدەستەوە بدەن کە لە خزمەت ئاشتیو تەبایی دابێ، لە خزمەت جێگیرکردنی ئازادی دابێ، لە خزمەت لابردنی کۆیلەتیو چەوسانەوە دابێ. کۆمەڵگە لەسەر ئەساسێکی ئینسانیترو سەردەمیانە بەڕێوەبەرێ. کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە لە زۆر ڕۆوە جیاواز بێ لە کۆمەڵگەیەک کە بە هۆی دەسەڵاتێکی ستەمکارو زۆردارەوە بەڕێوە دەچوو.

هەر بۆیە شانبەشانی پێکهێنانی سوپای میللیو هێزی پێشمەرگە، کە لە راستیدا، ئەویش بۆ هێرشبردنە سەر نەتەوەکانی دەوروبەر نەبوو، بەڵکوو بۆ داکۆکی لە کۆمارو خەڵکو ئاسایشی نێوخۆ بوو- بیری لە دابینکردنی مافو ئازادییەکانی خەڵک دەکردەوە. بیری لە بووژانەوەی کولتووری، دروستکردنی خوێندنگە، خوێندن بە زمانی زگماکی، نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەروەردەکردنی منداڵان‌و لاوان، هێنانە مەیدانی ژنان، بووژاندنەوەی ئابووری، دامەزراندنی چاپخانەو رادیۆ سینەما دەکردەوە.

### خزمەتە پەروەردییەکانی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان چ بە بەراورد کردنی ماوەی دەسەڵاتدارەتییەکەی کە ١١ مانگ بوو، چ بە سەرنجدان بە بارودۆخی سەردەمەکەیو ئیمکاناتێکی کەم کە هەیبوو، لە بواری پەروەردەدا زۆر خزمەتی گەورەی کرد. دەکرێ بڵێین یەک لە روخسارە درەوشاوەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بواری پەروەردە بوو.

ئەم کات لە هیچ وڵاتێکی دەوروبەردا، خوێندن نەببووە خۆڕاییو ئیجباری. مەگەر لە یەکیەتیی سۆڤیەتو ئەو وڵاتانەدا کە سیستەمی سوسیالیستیی لەواندا لەسەر کاربوو. بەڵام لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان کرابوو بە ئیجباریو خۆڕایی و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین دەکرا. منداڵانێک کە لەبەر نەبوونیی بنەماڵەکانیان یان لەبەر بێسەرپەرستی خەریکی سواڵکردن بوون بە ئەمری کۆمار لەبەر خوێندن نرابوون.

گەورەساڵانیش بۆ خوێندن هاندران و قوتابخانەی شەوانە لە شارەکانی ژێردەسەڵاتی کۆمار کرایەوە بو ئەوەی گەورەساڵان لە نەخوێندەواری بێنەدەر. کۆمەڵێک قوتابخانەی کچان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار کرایەوە بۆ ئەوەی کچان بنێردرێنە قوتابخانە. لەمانە گرینگتر ئەوە بوو کە کۆمار هەر مەبەستی خوێندەوار کردن نەبوو بەڵکوو خوێندن بە زمانی زگماکیشی خستبووە بەرنامەی کاری خۆی. کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەو مامۆستای وانەوتنەوەی کوردی دابین کرد. سەرنجراکێش ئەوەیە کۆمار کەمایەتییەکی وەک جوولەکەکانیشی لەبیر نەکردو بۆ منداڵانی ئەوانیش خوێندن‌و قوتابخانە بە زمانی خۆیانی بۆ دابین کردن.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە پێشەوا هەوڵی پێکهاتنی زانکۆی «معقول و منقول»ی داوە لە پێتەختی کۆمار. کاربەدەستانی کۆمار کتێبخانەی گشتییان کردوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر کتێبیان دابین کردوە بۆ ئەوەی هۆگرانی خوێندنەوە سوودیان لێوەربگرن.

کۆمار کۆمەڵێک کەسی بۆ خوێندنی بەرز ڕەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ ئەوەی بۆ داهاتوو پێبگەن‌و بە زانستو پسپۆڕیی تایبەت بگەڕێنەوە. لایەنی پەروەردەیی تەنانەت چووبووە نێو خوتبەکانی نوێژی هەینییش. بە رێنوێنیو هاندانی پێشەواو کاربەدەستانی کۆمار، مامۆستایانی ئایینی لە خوتبەی نوێژی هەینی داو بە زمانی کوردی، لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکان‌و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە رووی فکرەوە کاریان دەکرد. دژی خورافات قسەیان دەکرد، پیاوانیان هان دەدا بۆ ڕێزگرتن لە ژنان‌و حورمەت دانان بۆ مافەکانیان، باسی زانستو زانیاریو گرینگی خوێندن‌و خوێندنەوەیان دەکرد. دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قاو دەدا، باوەڕ کردن بە هێزی خۆیان‌و سوودەکانی تەباییو یەکڕیزییان بۆ باس دەکردن. فێریان دەکردن بایەخ بە مێژووی خۆیان بدەن نیشتمانی خۆیان خۆش بوێو هتد...

### کاریگەریی کەسایەتی پێشەواو بیرو ئەندێشەی ئەو رێبەرە لەسەر تاکەکانی نەتەوەکەی

ئەگەر کۆماری کوردستان بۆخۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی ئەو کۆمارە، چەق و ناوەندو سەرچاوەی زۆر لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو کۆمارەیە. دیارە هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە دامەزران، بەڕێوەبردنی کۆماردا رۆڵیان هەبووە،جێگای ڕێزن و پێویستە مێژوو عەقی خۆیان بداتێ. ئەوەش راستییەکە کە لە یادکردنەوەی دامەزرانی کۆمار داکەمتر باسی ئەوان کراوەو دەکرێ. بەڵام ئاشکرایە کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەرووی هەمووان بوو.

پێشەوا، وەک بەڵگەنامەو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کەسایەتییەکی هێمن، لەسەرەخۆو مەند بووە، مرۆڤێکی توندوتیژو دەمارگرژو لەخۆباییو سەرەڕۆ نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەهلی وێکهەڵکردن، ئەهلی تەبایی، ئەهلی مەشوەرەت، ئەهلی تەدبیرو مەسڵەحەت ئەندێشی بووە. مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بە فەرهەنگ بووە. جێگەو پێگەیەکی وای هەبووە لە کۆمەڵدا کە توانیویێتی جۆراوجۆرییەکان و جیاوازییەکانی سەردەمی خۆی: لادێیو شاری، رەعیەتو دەرەبەگ، خوێندەوارو نەخوێندەوار، عەشایرو هۆزەکان، بە یەکەوە بحاوێنێتەوە.

پێشەوا شارەزاو ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بووە، خوێندنەوەو بەدواداچوونی بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەبووە. بەردەوام لە خوێندنەوەو فێربوون دا بووە. ئەمانە وایان کردوە لە هەڵسوکەوتو سەرکۆماری و ڕێبەریکردن‌دا، زۆر ژیرانەو دووربینانە هەنگاو بنێ. دۆست بۆ کورد زیاد بکاو دوژمن کەم بکاتەوە. پێوەندیی کوردان لە ئاستی کوردی رۆژهەڵاتو کوردی بەشەکانی دیکەدا بە هێز بکا. هەروەها هاوپێوەندیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکا. پێشەوا ئەوەندە لە پێش سەردەمی خۆی بوو نەک بۆ ٧ دەیە لەمەوبەر، بەڵکوو ئەگەر لە ژیان دابا دەیتوانی بۆ سەردەمی ئێستاش سەرۆکو ڕێبەرێکی گونجاو بێ.

تاکی کوردو نەتەوەی کورد بە گشتی، بە چاوێکی بەرز سەیری پێشەوا قازی محەممەد دەکەن، شانازیی پێوەدەکەن چونکە سەرۆکێکی خاکەڕا، بەرپرس، خۆنەویست بوو. لە ژیریو زانایيو عەقڵو تەدبیردا شایانی ئەوە بوو سەرکۆماری کوردستان بێ.

کۆماری کوردستان،برگەیەکی زۆر کورت لە مێژووی نەتەوەیەک بوو، بەڵام بەو روخسارە مەدەنییانەی لەو ماوە کورتە دا لە خۆی نیشانی دا، توانی جێگەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی لە هەناوی مێژووی کورد و لە دڵ و بیری تاکەکانی نەتەوەی کورد دا بۆ خۆی،بەدەست بێنێ.



درێژەی:

## چاوخشاندنێک به سەر پێکهاتەی کۆماری کوردستان و شرۆڤەیەکی کورت

سیاسەت بکەوێتە خزمەت کۆمەڵگەوەو دیموکراسی دامەزرێ.

بایەخە مەدەنیو خواستو پێویستییەکانی کۆمەڵگە خاوەن شوێنێکی تایبەتن لە کۆماری کوردستاندا. دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و زۆر بلاڤۆگی دیکە بۆ منداڵان و ژنان، فێرکردنی زمانی کوردی و تەنانەت ئازەریو کردنەوەی قوتابخانەی کوردیو ئازەری، دامەزراندنی رادیۆ، دامەزراندنی رێکخراوی یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنان، پەرەپێدانی فەرهەنگ بەتایبەت موسیقا، تئاترو شانۆ و .... نیشاندەری بایەخ و گرنگی کۆماری کوردستانن وەک حکوومەتێکی دیموکراتیک.

به سەرنجدان بەوەی کورد تا ئێستاش گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیایەو هەمیشە بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت کراوە، فێربوونی تاکتیکەکانی شەڕ بۆ ئەو گەلە زۆر پێویستە. کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی هێزی سەربازی بۆ بەرگری لە خۆی، لەڕاستیدا ئەزموونی پرش و بڵاوی چەکداری هۆزەکانی تاڕادەیەکی باش دەگەڵ تاکتیکی سەربازی و شەڕ ئاشنا کرد. بە چەشنێک کە دەبینین دواترو کاتێ خومەینی فەرمانی جیهادی دژی کورد دەرکرد، گەلی کورد بەکەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ و هەروەها ئەو بنەما سەربازییانەی کە لە کۆماری کوردستان وەک بایەخێک مابوونەوە بۆ بەرگری لە خۆی لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بەکار هێناو هەروەک سەردەمی کۆماری کوردستان جگە لە خاکی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان هیچ چالاکییەکی نیزامی بەڕێوەنەبرد.

ئابووری و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکان بەهۆی تەمەنی کورتی کۆمار ئەو دەرفەتە بۆ کۆمار نەهاتەپێش کە بە شێوەیەکی جیدی بەرنامەڕێژی بۆ بکرێو پەرەبستێنێ. تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان‌و هەروەها دواکەوتوویی جیهانی سێیەم لە باری ئابوورییەوە ئەو فاکتەرە گرنگە کە دەتوانێ ببێتە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی حکوومەتو لە هەموو بوارەکانەوە کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن بەرێ، بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری کوردستان نەتوانێ لەم دەرفەتە گرنگە کەڵکوەرگرێو کۆمەڵگەی ئەو کات هەر بە کەڵکوەرگرتن لە شێوەو میتۆدە نەریتییە ئابوورییەکان بە ئاقاری ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەشداری دەسەڵاتی کرد.

ئەگەر بڕوانینە پێنج فاکتەری فەلسەفە، سیاسەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، بنەما سەربازیو ئابوورییەکانی کۆماری کوردستان کە تاووتوێمان کرد، دەبینین بزووتنەوەی شوناسخوازی کورد بزاڤی قۆناخێک نییە، بەڵکوو پێویستییەکە کە بەردەوام زیندوو بووەو کۆماری کوردستان باشترین ئیدیعای ئاشتیخوازی کوردەو گەلی کورد لە کۆماری کوردستانەوە دەرسی یەکگرتوویيو بڕوابەخۆبوون بووە.

دەبینین کە حکوومەتی کۆماری کوردستان چەند هەوڵی داوە و مەبەستی بووە کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی ژنو پیاودا بکا و ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە پێکهاتەی کۆمەڵکەی کوردەواری زۆرتر عەشیرەیی بووە تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیش مافی ژنان پێشێل کراوەو ژن خاوەنی هیچ مافێک نەبوون

ئەگەر کۆماری کوردستان کات و مەودای زیاتر هەبوایە و بەچەندین ساڵ درێژەی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابایە حەتمەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبوو بە خاوەنی دەزگای یاسادانانو ئەوکات هەم یاساکانی تۆکمەتر دەبوون و هەم دەزگای دادوەریو ئیجرایی بەتواناتر دەبوون لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و هەم خەڵکی کوردستان لەسەرەوەی یاسادا زیاتر سوودمەند دەبوون.

# دادوەری لە کۆماری کوردستاندا



**عومەر باڵەکی**

دوای ئەوە کە کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەرکی ئیدارەکردنی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە ڕووی سیاسی، ئابووری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پاراستنی سنوورەکان کەوتە سەرشانی بەڕێوەبەرانی کۆمار بە تایبەت کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتو پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی پێک هێناو بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئیداری شارەکانی دەست نیشان کرد، بەڵام بۆ ئیدارە کردنو بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی باشو تەندروست بێجگە لە هەیکەلی ئیداری پێویستە قانوونو یاسایەک هەبێ بۆ ئەوەی پێوەندییەکان دەست نیشان بکاو ڕوون بێت پێوەندی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بەیەکەوەو لەهەمانحاڵدا پێوەندی تاکەکان لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی چۆنەو بە چشێوەیەکە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لێکۆڵینەوەو وتوێژینەوە لە سەر کۆماری کوردستان کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە چۆنیەتی یاسادانانو بەڕێوەچوونی یاسا بووە، چونکە کۆماری کوردستان بە هەر هۆیەکەوە نەبووبێ خاوەنی دەزگای یاسادانان واتە پارلمان نەبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی قانوونیو یاسایی لە دادوەری بێخەبەر بووبن. چونکە لە دیکۆمێنتو نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەڕێوەچوونی وڵات کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە پێوەندیان بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکو بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیەو ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستانو لەسەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد چەندەیان بۆ گرینگ بووە کە یاسا لە کۆمەڵگادا سەروەر بێ.

بۆ ئەوەی بۆشایی دەزگای یاسادانان پڕبکرێتەوەو وڵات بێ یاسا نەبێ کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئەرکەیان بەڕێوەبردوەو لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە هەم خەڵکو هەم بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ جێبەجێ کردنیان پابەندیان بوون .

ئەو یاسایانە کە دەرچوون لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کە زەمانحاڵی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە چاپو بڵاوبوونەوەو لەو ڕێگایەوە خەڵکیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. ئەو یاسایانە هەمە بابەتن لە یاسای سزادان ڕا بگرە هەتا دیاریکردنی نرخی کەلوپەل لە بازاڕدا. پێویستە ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەین ڕاستە دەزگایەکی یاسادانان هەموویاساکانی دانەناوە بەڵام کاتێک حوکمێک لە لایەن دەسەڵاتەوە بە خەڵک ڕادەگەیەندرێو ئەو حوکمە ئەرک دەستنیشان دەکاو سەرپێچی لەو ئەرکە دەبێتە تاوانو سزای بۆ دیاری دەکرێ، ئەگەر وایە زۆربەی زۆری ئەو ئاگادارکردنەوانەی خەڵک کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماردا بڵاوبوونەوە، حوکمی قانوونییان هەبووە چونکە هەر وەکی لە پێشدا ئیشارەی پێکرا هەم خەڵکو هەم دەسەڵات پابەندبوون بە جێبەجێ کردنیان. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە چەند نموونەیەک ئەگەر بە کورتیش بێت لێرەدا باس دەکەین.

**خوێندن بە زمانی کوردی:**

خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد گرینگی تایبەتی پێدراوە هەر بۆیە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە ڕاگەیاندنی حوکمێک بە خەڵکی سابڵاغ خوێندن بە زمانی کوردی دەکاتە قانوونو لەو حوکمەدا دەڵێ بۆ پەرەپێدانو گەشەکردنی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە زمانی کوردییەو ١٠ڕۆژ مۆڵەت دەدا بە خەڵکێ کە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێو تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی خوێندن دەبێ ڕەوانەی قوتابخانەی بکاو بە پێچەوانەوە هەر کەس ئەو حەکمە جێبەجێ نەکا بەتوندی سزا دەدرێ. دەبینین ئەو حوکمە لە گەڵ ئەوەدا کە بۆ هەموو دانیشتوانی مەهابادە بێ جیاوازیو مۆڵەتو سزاشی تێدایە دەرخەری ئەو ڕاستیەشە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان چەندە بایەخ دەدەن بە خوێندنو زمانی کوردیو لە هەمانحاڵدا سرنجو بایەخ دەدەن بە کچان کە تا ئەو دەم لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوونو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە قانوون لە سەر کۆمەڵگای دەکاتە واجب کە ئەگەر هەر کەس جێبەجێی نەکا سزا دەدرێ.

**دەقی حوکمەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ لاپەڕەی ٤ ڕۆژی پێنجشەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠ی هەتاوی بەو شێوەیەی خوارەوە هاتوە:**

**ئاگاداری**

(بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی «سابڵاغ» ڕادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوا معظم و قەراری «حزبی دیموکراتی کوردستان» لەوەی بەو لاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیە لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕو کچی هەبێو تەمەنی اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین مجازات تەمبی دەکرێ».)

**چەک هەڵگرتن:**

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەر خێڵو عەشیرەو تایفەیەک بۆ خۆی کۆمەڵێک چەکداری لە دەرەوە بووەو چەکێکی زۆریش بە دەست خەڵکەوە بووەو بۆ ئەوەی نەبێتە هەرەجمەرەجو هەرکەس بە کەیفی خۆی بە مەبەستی خراپ کەڵک لە چەک وەرنەگرێ، فەرماندەی هێزی دێموکرات- کوردستان حوکمێک دەردەکاو لەو حوکمەدا هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەت بە تەواوی قەدەغە دەکاو دەست نیشان دەکا کە کەس یا کەسانێک کە بە ئانقەستو بە خۆڕایی تەقە بکەنو ببنە هۆی شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵک بە دواچوونی یاسایان بۆ دەکرێو سزا دەدرێن.

**لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢ لاپەڕە ٣ شەممە ١٣٢٤/١٠/٢٢ بەو شێوەیە ئەو حوکمە بڵاو بۆتەوە:**

**«ئاگاداری**

بە تەواوی ئەهالی ڕادەگەیەندرێت کە هەڵگرتنی ئەسلەحە لە نێو شاردا غەیری ئەشخاصی مەجاز بە کلی قەدەغەیە هەر کەسێک لە نێو شاردا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیبو مجازات دەکرێ».

کۆنتڕۆڵی بازاڕ:

بۆئەوەحکوومەتیکۆماریکوردستان کۆنتڕۆڵی بازاڕ بکاو ئیزن نەدا پشێوی لە بازاڕدا دروست بێو هەلپەرەستو قازانج ویست خەڵکی کەم داهاتو دەستکورت نەڕوتێننەوە، هەر ماوە بە ماوە لە ڕێگای ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە ئاگادارییەک بڵاودەکاتەوە کە حوکمی یاساییان هەیەو لەو ئاگاداریانەدا نرخی کەلو پەل دەست نیشان دەکا ئەوەتا لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە٩ لاپەڕەی ٤ شەممە ١٣ی ڕێبەندان ١٣٢٤ نرخی گۆشت لە لایەن شارەداری مەهابادەوە دیاری دەکرێو لە کۆتاییدا باس لەوە دەکا هەر گۆشت فرۆشێک لەو نرخە دیاریکراوانە لابدا کە شارەداری دیاری کردوە بە نێوی گرانفرۆشی سزادەدرێ.

ئاگاداری:

«بە تەواوی ئەهالی موحتەرەم مهاباد ڕادەگەیندرێ نرخی گۆشتی مەڕو بزن سیەی ستمن (٣٠قران)و گۆشتی ڕەشەوڵاغ دووتمەن (٢٠قران) معلوم کراوە تا آگاداری دوم هەر قەصابیک زیاتری بفرۆشێت فورا بە اداری شهرداری خەبەر بدەن تا بە نێوی گرانفرۆشیو تخلف لە مقرراتی شهرداری تنبیەو جریمە بکرێ».

بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن:

لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی ئێستادا هێندێک خەڵک بۆ ئەوە لە کاتی تووش بوونیان بە وەڵام دانەوەی یاساییو ئامادە بوونیان لەبەردەم حاکمی دادوەری هەوڵ دەدەن کەس یا کەسانێک پەیدا بکەن کە بە هۆی دانی بەرتیل ناحەقی خۆیان بکەنو بەحەقو کارێکی نایاسایی بە یاسایی بکەنو ئەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا هەبووە، هەربۆیە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات یاسایەکی دەرکردوەو لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ١٢ لاپەڕە ٤ بە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاوی کردۆتەوە کە لەو یاسایەدا هاتووە کە هەم مەئموورینی حکوومەتی کوردستانو هەم خەڵکی کوردستان ئاگادار بن کە بە هەر نێوێکو بە هەر ڕێوشوێنێکدا بێ بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن قەدەغەیەو ئەگەر ڕوون بێتەوە ئەو کەس یا کەسانە بەرتیلیان داوە یان وەرگرتوە بە خائین بە گەلو نیشتمان دەناسرێنو سزا دەدرێن بە سزایەک کە لە ١٠ ساڵ زیندان کەمتر نەبێو یا سزادەدرێن بە حوکمی ئێعدام. ئەوەی خوارەوە دەقی حوکمەکەیە :

**«ئاگاداری**

بەهۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مامورینی حکومەتی کوردستان و ملت ڕادەگەیەنرێت هەرکەس لەهەر مەمەریکەوە بەهەر نێوێک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی «چە قانوونی و چە شەرعی و غیرە، بەرتیلو ریشوە بدات و یا وەربگری لە پاش مەعلووم بوون بە خاینی ملت و مملکت دناسرێ قەراری مجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبس هەتا کوشتن (اعدام) تصویب و مقرر کراوە.»

**کچان و ژنان:**

دیارە مەسەلەی ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چ لە بواری خوێندنو چ لە بواری بەشداری کردنیان لە ئیدارەکردنی وڵات خەمی گەورەی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بووەو هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دایە کە کچان ڕێگەی خوێندنیان بۆخۆش دەکرێو بۆ پاراستنی مافەکانیان یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێ و ئیزنی چالاکی پێ دەدرێ و بێجگە لەوانە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەوڵیان داوە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانیش پارێزراو بێ و پێشگیری بکرێ لە توندوتیژیو هەڕەشە بۆ سەر ژنان و کچان. ئەوەتا لە بڕیارێکدا کە بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حاجی بابا شێخ دەرچووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥ لاپەڕە٤ ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بڵاوبۆتەوە بەو جۆرە باس لە دوو مەسەلەی پێوەندیدار بە ژنان دەکاو دەڵێ لەسەر بڕیاری هەیئەت ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ دەبێ ئەو پیاوە سزابدرێ بە ئێعدام کە هەموومان باش دەزانین پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو سەردەمدا بەشێوەیەک بوو کە ڕەنگە زۆرجار بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و بێحورمەتی کردن لە نێوان دوو تایفەو عەشیرەو بنەماڵەدا ژن بۆتە قوربانی. هەر بۆیە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان ئەو گرفتەیان دیوە و بۆ چارەسەر یاسایان بۆ دەرکردوە و هەر لە درێژەی ئەو بڕگە یاسایەدا هاتووە ئەو کچانەی کە مانعی لەسەر ڕێگە نیە بەوشەرتە کە کوڕەکە پێشتر خوازبێنیی لە بنەماڵەی کچەکە کردبێو ئەوانیش وەڵامی ڕەدیان دابێتەوەو کچەکە خۆی ڕازی بێت دەتوانێ لەگەڵ کوڕەکە بڕواتو ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. لەو حاڵەتەدا کوڕەکە هیچ سزایەکی یاسایی تووش نابێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانە کە باسمان کرد نەبوون کوڕەکە لە ٣ مانگ هەتا ٣ ساڵ لە زیندان دەکرێ.

لێرەدا دەبینین کە حکوومەتی کۆماری کوردستان چەند هەوڵی داوە و مەبەستی بووە کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی ژنو پیاودا بکا و ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە پێکهاتەی کۆمەڵکەی کوردەواری زۆرتر عەشیرەیی بووە تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیش مافی ژنان پێشێل کراوەو ژن خاوەنی هیچ مافێک نەبوون بەوشێوەیە کە ئێستا ئێمە لێی دەڕوانین. بەڵام لەو بڕگە یاساییەدا هەم پێش بە بێحورمەتی کردنی ژن دەگیرێ کە فیدای کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ و هەم ئیزن دەدا بە کچ کە خۆی بڕیاردەربێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی دا. ئەوە دەقەکەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە:

**«ئاگاداری**

ڕەدووگەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە

لەسەر قراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ ئەو پیاوە دەبی بکوژرێ ئەمما کچ خوازبێنی بکاو نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ و بەمێرد نەبێ کچەکە رضای ببێ، جزای نیە وگرنە لە سە مانگەوە تا سە ساڵ حەبس دەکرێ»

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا چاپو بڵاو بوونەوە و بابەتی وەک ماڵیات، گمرک، لەدایک بوون و مردن، ڕەچاوکردنی لەشساغیو پاراستنی ژینگەو پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی ئایینیو مەزهەبیو قانوونی سزادان و .... هتد. کە ئەوانە یاسایان پێ دەرچوونو خەڵکو دەوڵەت لەسەریان بووە کاریان پێ بکەن. کە دیارە زۆربەی ئەو قانوونانە نزیک بە چوارجار لە ڕۆژنامەی **«کوردستان»دا بڵاوبوونەوە و ئەوکات کاریان پێکراوە.**

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارە بەوە بکرێ کە ئەگەر کۆماری کوردستان کات و مەودای زیاتر هەبوایە و بەچەندین ساڵ درێژەی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابایە حەتمەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبوو بە خاوەنی دەزگای یاسادانانو ئەوکات هەم یاساکانی تۆکمەتر دەبوون و هەم دەزگای دادوەریو ئیجرایی بەتواناتر دەبوون لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و هەم خەڵکی کوردستان لەسەرەوەی یاسادا زیاتر سوودمەند دەبوون. بەڵام بەوحاڵەش لەو تەمەنە کەمەدا کۆماری کوردستانی پێدا تێپەڕ بووە، بەڕێوبەرانی کۆمار لە دانانو بەڕێوەبردنی یاساو ڕێسا غافڵ نەبوون و هەوڵیانداوە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ببیننو بتوانن ئەو لایەنانەی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری بەیاسا ڕێک بخەن.



**دامه‌زرانی کۆماری کوردستان به ڕێبه‌ریی پێشه‌وای نه‌مر قازی محه‌ممه‌د ده‌رفه‌تێک بۆ ڕۆڵه‌ی کورد پێکهات تا له‌م ماوه‌یه کورته‌دا ده‌یان تێکۆشه‌ر، شاعیر، نووسه‌ر و ئه‌دیبی گه‌وره وه‌کو حه‌سه‌ن قزلجی، هێمن، هه‌ژار، ئاوات، حه‌قیقی، قاسملوو، گه‌لاوێژ و هتدی .. لێ‌هه‌ڵکه‌وێ و ببێته ئه‌ستێره‌یه‌کی گه‌ش بۆ مێژووی خه‌باتی ڕزگاریخوازانه‌ی کورد له هه‌ر چوار به‌شی کوردستاندا**

د. کامران ئه‌مین ئاوه

**له ساڵی ١٩٤٦دا که کۆماری کوردستان به ڕێبه‌رایه‌تی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له مه‌هاباد دامه‌زرا زمانو ئه‌ده‌بیاتی کوردی قۆناغێکی زێڕینی به‌خۆیه‌وه دیت. زمانی کوردی بوو زمانی فه‌رمیی کۆماری کوردستان، کۆمه‌ڵێک ڕۆژنامه‌و گۆڤار به زمانی کوردی ده‌رچوون، قوتابخانه به زمانی کوردی کرانه‌وه. بێگومان پێشینه‌ی زمانی کوردی له عێراقو باشووری کوردستان له‌م پێوه‌ندییه‌دا کاریگه‌ریی خۆی هه‌بووه.**

مسته‌فا مه‌عروفی

# «یادگاری شیرین»

# بایه‌خی مه‌دره‌سه‌و خوێنده‌واریی له کۆماری کوردستان‌دا

## (به بۆنه‌ی ٢ی ڕێبه‌ندان و ساڵرۆژی دامه‌زراندنی کۆماری کوردستان)



د. کامران ئه‌مین ئاوه

به درێژایی مێژووی کورد، ڕووناکبیرانی ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه له ده‌س چه‌ند دوژمنی نێوخۆیی یه‌ک له‌وان نه‌خوێنده‌وارییو پاشکه‌وتن له ڕه‌وتی گه‌شه‌سه‌ندنی عیلم و فه‌ننی هاوچه‌رخ و کاریگه‌ریی نه‌رێنیی ئه‌م که‌مایه‌سی‌یه له سه‌ر چاره‌نووسی تاڵی میلله‌تی کوردیان ناڵاندوه. شاعیرانو ئه‌دیبانی کورد له نووسراوه‌کان و له کاتی ده‌ربڕینی هه‌ستی خۆیان سه‌باره‌ت به چاره‌نووسی ئه‌م میلله‌ته زۆرجار باسی که‌مایه‌سی‌یه‌کانی کۆمه‌ڵگای کورده‌وارییان کردووه. بۆ وێنه یه‌کێک له ئاواته‌کانی مه‌زنی حاجی قادری کۆیی شاعیری پایه‌به‌رزی کورد له نیوه‌ی دووهه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌دا گه‌یشتن به کوردستانێک بوو که له‌وێ‌دا زانستو هونه‌ر په‌ره بگرێو داده‌په‌روه‌رێو یه‌کسانی زاڵ بێ. بۆ شاعیر بنه‌بڕکردنی نه‌خوێنده‌واریی له په‌نای ته‌واوکردنی دوژمنایه‌تی و چه‌ندبه‌ره‌کیی نێوان عه‌شیره‌ته‌کان، یه‌کگرتوویی نێوان ته‌واوی قه‌ومو عه‌شیره‌ته‌کان و ڕۆشنگه‌رێو خه‌باتی چه‌کداریی یه‌کێک له مه‌رجه‌کانی گه‌یشتنی کورد به‌م ئاواته به‌رزه بووه. شاعیر له ژێرکاریگه‌ریی ده‌ستکه‌وته‌کانی ئورووپادا بانگه‌وازی نه‌ته‌وه‌ی کوردی به‌م چه‌شنه بۆ فێربوونی فه‌ن و زانست کردبوو:

«تۆ وه‌ره فه‌ننێ فێربه چیته له‌وه
گاوره، هیندووه و یاخود جووه
ئه‌هلی جه‌ننه‌ت نه شوان و گاوانه
ساحیبی فه‌ن و عیلم و عیرفانه»

کاتێک کۆمه‌ڵه‌ی ژ. ک پێک دێ، له هه‌وه‌ڵین ژماره‌ی نیشتمان له پووشپه‌ری ١٣٢٢ی هه‌تاوی له ژێر بابه‌تێک به ناوی ‹آمانجی ایمه› باسی «به‌رهه‌ڵست و چه‌له‌مه‌ییکی وه‌کو دوژمنایه‌تی خوبه‌خو، دووبه‌ره‌کیو خۆخوری، پول‌په‌رستیو بیگانه دۆستی» له‌سه‌ر ڕێگای بزوتنه‌وه‌ی کورد ده‌کا و ئاماژه به‌وه‌ی ده‌کا که «ته‌نیا ڕیگایه‌کی کورد ئه‌بی به‌ره‌و سه‌ربه‌ستی پێیا بڕوا شه‌قامی شارستانیتیه». هه‌ر له‌و ژماره‌یه‌دا له شێعرێکی م. م هوشه‌نگ ئه‌ندامی ژماره ١٦ی کۆمه‌ڵه‌دا هاتوه:

«ملتی دی‌چیه ئه‌گه‌ر کردی تەره‌قی علتی؟
بوچی تی‌نافکری؟ کورد آخرئه‌توش ملتی؟
شد نفاق تو سبب گر تاکنون در ذلتی
بی‌وه‌ته‌ن وه‌ک جوله‌که‌ی دایم هه‌تیو و سه‌ر هه‌ژار
اتحادو گه‌ربی جا لازمه علم و سه‌واد
چونکه بی علم و هونه‌ر ناکا ته‌ره‌قی هیچکار
هیچ که‌س ناژی له‌ویدا به بی علمو هونه‌ر
ملتی عالم که ده‌گرن عاله‌میک نیه بی ئه‌ثه‌ر
گه‌ر نه‌بی علم و هونه‌ر، حه‌یوانن ئه‌بنائی به‌شه‌ر
مایلی ده‌شتو ده‌رو سه‌حراو و کیو و کیوسار»

هێمن شاعیری پایه‌به‌رزو میللیی کوردیش له ساڵی ١٣٢٤ی هه‌تاوی له«یادگاری شیرین»دا به گله‌ییه‌وه ڕوو به کچی کورد ده‌کا و ده‌ڵێ:

«لاده چارشێوی ڕه‌شت با ده‌رکه‌وێ کوڵمه‌ی گه‌شت
چون له قه‌رنی بیسته‌ما زۆر عه‌یبه ئه‌و ڕوو گرتنه
کیژی ئه‌ڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئه‌تۆش
هه‌ر ده‌زانی ناوی «ئه‌ستێوڵک» و « ده‌رخۆنه» و « پنه»

فێری زانست و هونه‌ر بوو ئه‌و له سایه‌ی خوێندنی
تۆش ته‌شیمان بۆ ده‌ڕێسی، یادگاری شیرنه
ئه‌و به ئاسمانا فڕێ، دنیا گه‌ڕا، چووه بن به‌حر
ده‌ک نه‌مێنم کاری ئێوه‌ش هه‌ر له ژوور دانیشتنه»

بێ‌گومان کاتێک له کۆتایی سه‌ده‌ی ١٩ و ده‌ستپێکی سه‌ده‌ی ٢٠ی زایینی‌دا، کۆمه‌ڵگای پاشکه‌وتووی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان له ژێر زوڵم و زۆری ده‌وڵه‌تێکی داگیرکه‌ردا بوو که بۆخۆشی یه‌کێک له وڵاته پاشکه‌وته‌کانی ئه‌و کاتی جیهان بوو، کورد چۆن ده‌یتوانی بێ هه‌بوونی کیان و سه‌روه‌ریی خۆی به ئاستێک بگا که ته‌نانه‌ت ده‌رفه‌تێک له‌وڵاته‌که‌یدا پێک بێ که منداڵی کورد ڕێگای قوتابخانه بگرێته به‌ر و فێری زمانی زگماکییو فه‌نن و زانستی هاوچه‌رخ بێ. ئه‌ویش کاتێک به قه‌وڵی هێمن له «دواڕۆژی ڕووناک»دا:

له مێژ بوو هه‌ققی کورد ده‌خورا به فیڕۆ
«له مێژ بوو کورد بوو ده‌یکرد شین و ڕۆڕۆ
له مه‌یدانی شه‌قێنی دوژمنیدا
سه‌ری سه‌ردای کوردی بوو وه‌کو گۆ
....
کوڕی کوردی له خوێنی خۆی ده‌گه‌وزی
کچی کوردی سه‌ری کربوو وه‌ئه‌ژنۆ
ئه‌وه‌ی سووکایه‌تی بوو کردی پێمان
نه‌ده‌کرا که‌س بڵێ بۆ واده‌که‌ی تۆ؟»

ئاواتی ژیانێکی ئازاد و سه‌ربه‌خۆ هه‌رچه‌ند بۆ ماوه‌یه‌کی کورتی یازده‌مانگییش بوو بۆ هه‌وڵین جار له مێژووی کورد به پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان به ڕیبه‌رایه‌تیی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د و ڕاگه‌یاندنی کۆماری کوردستان وه‌دی هات و منداڵی کوردیش توانی به پێی ده‌ستوور بۆ مه‌دره‌سه بچێ و فێری زمانی زگماکیی و زانستو فه‌نی هاوچه‌رخ بێ. هه‌ر له ژماره‌ی یه‌کی کوردستان بلاوکه‌ره‌وه‌ی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکه‌وتی ٢٠. ١٠.١٣٢٤ له ئاگادارییه‌ک که له لاپه‌ره‌ی ٤دا چاپ کرا، ناردنی کچو کوڕی سابلاغی کرا به یاسا. له‌م ئاگادارییه‌دا ڕاگه‌یه‌ندرابوو:

• به ته‌واوی ئه‌هالی خوشه‌ویستی(سابلاغ) راده‌گه‌یندریت – له‌سه‌ر ئه‌مری پیشوای معظم و قه‌راری(حزبی دیموکراتی) کوردوستان له‌وه‌ی به‌ولاوه پێویسته بو په‌ره پیدان و رواجی زمانی کوردی خویندن له مه‌دره‌سه‌کاندا به کوردییه له‌و (تاریخه‌وه) تا ده ١٠ – روژی دیکه هه‌ر که‌سیک کورو کچی هه‌بی که عومری اقتضای خویندن بکا ده‌بی بی‌نیریته مه‌دره‌سه ئه‌لبه‌ته هه‌ر که‌س له‌و ئه‌مره رو وه‌رگیری به توندترین مجازات ته‌نبی ده‌کری. کومیته‌ی مه‌رکه‌زی(حزبی دیموکراتی کوردوستان (معاون حزب طه‌زاده).

هه‌ر له‌و ژماره‌یه‌دا باسی کۆبوونه‌وه‌ی هه‌یئه‌تی فه‌رهه‌نگیی کوردستانو قه‌رار بۆ کۆکردنه‌وه‌و دابه‌شکردنی ئه‌و منداڵانه له نێو میلله‌ت و ناردنیان بۆ مه‌کته‌بی گه‌لاوێژ ده‌کرێ که به هۆی بێ که‌سیی به سواڵ مشغوڵن. ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م ده‌ستوور له هه‌وڵین ژماره‌ی کوردستان‌دا نیشان ده‌دات که ڕێبه‌رایه‌تیی کورد تا چ ڕاده‌یه‌ک هه‌ستی به‌م که‌مایه‌سی‌یه له کۆمه‌ڵگای کوردستان کرد و دڵسۆزانه هه‌وڵی بۆ کۆکردنه‌وه‌ی منداڵه هه‌ژاره‌کانو ناردنیان بۆ مه‌دره‌سه‌دا، ده‌رفه‌تێک که به درێژایی سه‌ڵته‌نه‌تی ڕه‌زاخانو قاجاره‌کان بۆ منداڵی کورد نه‌ره‌خسابوو. به دامه‌زرانی کۆماری کوردستان به ڕێبه‌ریی پێشه‌وای نه‌مر قازی محه‌ممه‌د ده‌رفه‌تێک بۆ ڕۆڵه‌ی کورد پێکهات تا له‌م ماوه‌یه کورته‌دا ده‌یان تێکۆشه‌ر، شاعیر، نووسه‌ر و ئه‌دیبی گه‌وره وه‌کو حه‌سه‌ن قزلجی، هێمن، هه‌ژار، ئاوات، حه‌قیقی، قاسملوو، گه‌لاوێژ و هتدی .. لێ‌هه‌ڵکه‌وێ و ببێته ئه‌ستێره‌یه‌کی گه‌ش بۆ مێژووی خه‌باتی ڕزگاریخوازانه‌ی کورد له هه‌ر چوار به‌شی کوردستان‌دا. دووی ڕیبه‌ندانو دامه‌زرانی کۆماری کوردستان ڕووح و له‌شی بریینداری نه‌ته‌وه‌ی کوردی ساریژ کرد و هیوای دواڕۆژیکی ڕووناکی خسته دڵی هه‌ر کوردیکه‌وه. هێمن گوته‌نی:

«کوڕی کوردا! هاته‌وه دیسان هه‌لی تۆ
مه‌وێسته، خۆت مه‌گنفێنه، مه‌ترسه
....
بڕۆ پێش بێ‌وچان، لێ بخوڕه، باژۆ
نه‌ما داخ و په‌ژاره و ماته‌م و خه‌م
زه‌مانی هه‌ڵپه‌ڕین و به‌زمه ئێمڕۆ
له شایی ئێمه‌دا نابینی ئێستا
کچێکی دڵ به خه‌م، لاوێکی بێ‌دۆ»

# په‌سندکرانی زمانی فه‌رمیی کوردی له پاڕلمانی عێراق

## (له غیابی زمانی فه‌رمیی سه‌رتاسه‌ریی کوردی‌دا)



مسته‌فا مه‌عروفی

له ٧ی ژانویه‌دا پارڵمانی عێراق زمانی کوردیی له پاڵ زمانی عه‌ره‌بی‌دا به فه‌رمی ناسیو بڕیاری دا زمانی کوردی وێڕای زمانی عه‌ره‌بی له‌سه‌ر دراو، پاسپۆرت، هێماکانی هاتوچۆ و ته‌مر بنووسرێ. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که حاشا له‌وه ناکرێ ئه‌م بڕیاره هه‌نگاوێکی دیکه له به‌قانوونی کردنی مافه‌نه‌ته‌وایه‌تییه‌کانی کورده، کۆمه‌ڵێک تێبینی له‌سه‌ره‌و کاردانه‌وه‌ی جۆراوجۆری له‌نێو کۆڕوکۆمه‌ڵی کورددا لێ‌که‌وتۆته‌وه. له‌م وتاره‌دا هه‌وڵ دراوه به‌م بۆنه‌یه‌وه ئاوڕێک له‌و هه‌وڵانه بده‌ینه‌وه که له پێناوی به‌فه‌رمی کردنی زمانی کوردی‌دا دراون. ئینجا ئاوڕێک له که‌موکورتییه‌کانی بڕیاره‌که ده‌ده‌ینه‌وه و له پاشان با بزانین بارودۆخی زمانی فه‌رمیی کوردی چۆنه.

**پێشینه‌ی به فه‌رمی ناسرانی زمانی کوردی**

له دوای شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانی، پاش هه‌ڵوه‌شانی ئیمپراتۆریی عوسمانیو دروستبوونی وڵاتی عێراق کورد له پێناوی به فه‌رمی ناسرانی زمانه‌که‌ی هه‌وڵی داوه. ئه‌م هه‌وڵانه له‌و سه‌رده‌مه‌دا زیاتر له باشووری کوردستان له گۆڕێ‌دا بوون. حکوومه‌تی شێخ مه‌حموودی نه‌مر له ناوچه‌ی سلێمانی ڕه‌نگه له‌م باره‌یه‌وه کاریگه‌رییه‌کی زۆری بووبێ. چونکه بزووتنه‌ویه‌ک که شێخ مه‌حموود له ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٣ڕێبه‌رایه‌تیی ده‌کرد خاوه‌نی ڕۆژنامه بوو، وه‌ک بانگی حق، امید استقلال که به زمانی کوردی چاپو بڵاو ده‌بوونه که دیاره هه‌ر به‌و شێوه‌زاره‌ی ناوچه‌ی سلێمانی بوون. له‌سه‌رده‌می حکوومه‌تی شێخ مه‌حمووددا زمانی کوردی زمانی فه‌رمیی ناوچه‌ی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و بوو.

له یه‌که‌م قانوونی ئه‌ساسیی عێراق له ساڵی دا١٩٢٥ راسته که وه‌ک زمانێکی فه‌رمی باس له زمانی کوردی نه‌کراوه، به‌ڵام چه‌شنه ئازادییه‌ک به زمانانی غه‌یری زمانی عه‌ره‌بی درابوو که زمانی کوردییش یه‌کێک بوو له‌وان. ئه‌وه بۆخۆی هه‌نگاوێکی هه‌رچه‌ند که‌م به‌ڵام باش بوو. چونکه ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ینه زمانی کوردی له پارچه‌کانی دیکه‌ی کوردستان، له باکووری کوردستان له بنه‌ڕه‌ت‌دا حاشا له بوونی کوردو زمانه‌که‌ی ده‌کرا، له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان زمانی کوردی قه‌ده‌غه بوو و خه‌ڵک ناچار ده‌کران به فارسی قسان بکه‌نو بخوێنن.

له ساڵی ١٩٣١دا قانوونی ئه‌ساسیی عێراق پێداچوونه‌وه‌ی له‌سه‌ر کرا. بۆ یه‌که‌م جار له قانوونی ئه‌ساسیی وڵاتێک له‌و وڵاتانه‌ی کوردستانیان به‌سه‌ردا دابه‌شکراوه زمانی کوردی دانی پێدا ده‌هات. ئه‌و وه‌خته قانوونێک په‌سند کرا که به «قانوونی زمانه ناوچه‌ییه‌کان» ناو براوه. زمانی کوردی ڕێگای پێدرا له قوتابخانه‌کان (ئه‌وکات تاکوو پۆلی سێی ناوه‌ندی) پێ‌بخوێندرێ له به‌شی زۆری ناوچه‌کانی باشووری کوردستان له دادگاکان‌دا ده‌کرا قسه‌ی پێ بکرێ. له کاتێک‌دا له به‌شی زۆری کوردستان‌دا له‌سه‌ر ئه‌م مافه خه‌ڵک دادگایی ده‌کران!

له ساڵی ١٩٤٦دا که کۆماری کوردستان به ڕێبه‌رایه‌تی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له مه‌هاباد دامه‌زرا زمانو ئه‌ده‌بیاتی کوردی قۆناغێکی زێڕینی به‌خۆیه‌وه دیت. زمانی کوردی بوو زمانی فه‌رمیی کۆماری کوردستان، کۆمه‌ڵێک ڕۆژنامه‌و گۆڤار به زمانی کوردی ده‌رچوون، قوتابخانه به زمانی کوردی کرانه‌وه. بێگومان پێشینه‌ی زمانی کوردی له عێراقو باشووری کوردستان له‌م پێوه‌ندییه‌دا کاریگه‌ریی خۆی هه‌بووه، به تایبه‌تییش له‌به‌ر ئه‌وه که ژماره‌یه‌ک نووسه‌رو ڕووناکبیری باشووری کوردستان له‌و قۆناغه‌دا ڕوویان کردۆته کۆماری کوردستان چ وه‌ک ماموستاو چ وه‌ک نووسه‌ر خزمه‌تیان کردوه.

پاش شۆرشی ١٤ی ژووئیه له عێراقو هاتنه‌سه‌رکاری ڕێژیمی کۆماری، کورد وێڕای عه‌ره‌ب وه‌ک دوو نه‌ته‌وه‌ی سه‌ره‌کی ناسران که بێگومان ئه‌مه له چه‌سپاندنی زمانه‌که‌ی‌دا کاریگه‌ریی زۆری هه‌بوو. زمانی کوردی به ده‌رچوونی به‌یاننامه‌ی ١١ی مارسی ١٩٧٠ له عێراق هه‌نگاوێکی دیکه‌ی به‌ره‌و به فه‌رمی‌ناسران هاویشت. کوردو عه‌ره‌ب وه‌ک دوو نه‌ته‌وه‌ی سه‌ره‌کی پێی له‌سه‌ر داگیرایه‌وه. زمانی کوردی




ل ١٠

**خالید تەوەکولی: بۆ شیکردنەوەو راڤەی ئەم مەسەلەیە ناکرێ لە ئاستێکی ناسیۆنالیستییەوە سەیری مەسەلەکە بکرێ. ئەو خەڵکەی لەو ناچەیەدا دەژین، کوردن‌و گیرو گرفتی زۆر تایبەت بە خۆیان هەیە کە بەشیکی دەگەڕێتەوە بۆ دووچاوەکی‌و دەسترەسی‌و دابەشکردنی نابەرانبەر بۆ پۆستە سیاسییەکان. لەوانەیە دروستبوونی پارێزگایەکیتر کەمێک لەو گیروگرفتانە کەم کاتەوە ئەما ئەمە ڕێگاچارەیەکی جیدی نیەو هەتا کوو دیموکڕاسی دانەمەزرێت کێشەی خەڵکی ناوچەو کورد بە گشتی کەم نابێتەوە».**

# جیاکردنەوەی پارێزگایەک لە پارێزگای ورمێ‌و چەند خوێندنەوەیەک

ئامادەکردنی: سمایل شەرەفی







ئاسۆی حەسەنزادە — شەماڵ هەڵمەت — ئیسماعیل حەسەنزادە — فەرزاد مێهری — خالید تەوەکولی

باسکردن لە جیاکردنەوەی پارێزگایەکی دیکە لە پارێزگای ورمێ، بیروبۆجوونی جوراوجۆرو جیاوازی لێ کەتۆتەوە. هێندێک تەنیا لە رووی ئیداری‌و بەڕێوەبەریی‌و ئاسان کردنەوەی خزمەتگوزاریەوە خوێندنەوەی بۆ دەکەن‌و، هێندێکی دیکەش پرسەکە بە پرسێکی سیاسی _ نەتەوەیی دەزانن‌و پێیان وایە پلانێکی ئالۆزو پیلانێکی سیاسی – ئەمنییەتی‌یە.

لە لایەکی دیکەشەوە کەسانێکیش هەن (بەتایبەتی لەو مەڵبەندەی پێشنیار دەکرێ ببێتە ناوەندی ئوستانە پێشنیارکراوەکە) کە بەبێ ئەوەی لە مەرامە شاراوەکانی بەدخوازان غافڵ بن، بیرۆکەی دروستکردنی ئوستانێکی دیکە لە موکریان «فی‌النفسە» بە شتێکی باش‌و پێویست دەزانن.

**خالید تەوەکولی: بۆ قسەکردن لە سەر ئەو کێشەیە ئەبێ لە روانگەیەکی ناوچەییانەو لە راستیی‌دا لە دیدی خەڵکی ناوچەکەوە تەحلیل بکرێ‌و بە گشتی پێک هاتنی ئەم پارێزگایە بە زیانی کورد نازانم.**

لەم پێوەندییەدا چالاکی سیاسی‌و مەدەنیی کورد **خالید تەوەکولی** لە شاری سەقز پێی وایە « بۆ قسەکردن لە سەر ئەو کێشەیە ئەبێ لە روانگەیەکی ناوچەییانەو لە راستیی‌دا لە دیدی خەڵکی ناوچەکەوە تەحلیل بکرێ‌و بە گشتی پێک هاتنی ئەم پارێزگایە بە هیچ شێوەیەک بە زیانی کورد نازانێ». بەڵام لە بەرانبەردا **دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە**، ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: «لە وڵاتێک‌دا کە لۆژیکی ئیداری‌و لۆژیکی سیاسی تێکەڵی یەکتر بن‌و پێکهاتەی قەومیی ناوچەکانیش ناهاوچەشن‌و ئاڵۆز بێ، نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن لۆکاڵی‌و نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن تێکنیکییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین. بەڵکوو پێویستە کاریگەریی گۆڕینی نەخشەی بەڕێوەبەریی ناوچە هەم لەسەر باڵانسی دێموگرافیی نێوخۆی سەرجەم ئوستانە پێوەندیدارەکان و هەم لەسەر کەیفییەتی بەشداریی ئایندەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان‌دا لەبەرچاو بگرین».

ئازەرییەکانی پارێزگای ورمێش بە نیگەرانییەوە دەڕواننە ئەم پرسەو و پێیان وایە ئەوەندەی روانینی «قەومی» و «ئەمنیەتی» بۆ پێکهێنانی ئەم پاریزگایە تازە بەرچاوە، زۆر کەم بیر لە لایەنە ئیداری‌و خزمەتگوزاریی ئەم مەسەلەیە دەکرێتەوە. لەم پێوەندییەدا چالاکێکی مەدەنیی ئازەری بە ناوی خوازراوی «**ئیسماعیل حەسەن‌زادە**» لە شاری میاندواوەوە بە رۆژنامەی

**ئاسۆی حەسەن‌زادە: لە وڵاتێکدا کە لۆژیکی ئیداری‌و لۆژیکی سیاسی تێکەڵی یەکتر بن‌و پێکهاتەی قەومیی ناوچەکانیش ناهاوچەشن‌و ئاڵۆز بێ، نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن لۆکاڵی‌و نە دەکرێ بە دیدێکی سیرفەن تێکنیکییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین**

کوردستانی وتی: «هەرچەند من ئێستا بە هۆکاری زاڵبوونی روانینی ئەمنییەتی بۆ سەر ئەم پارێزگایە، هێنانە ئارای ئەم پرسە بە پێویست‌و گونجاو نازانم، بەڵام پێم وایە هەر سێ پارێزگای کوردستان (سنە)و تەورێزو ورمێ بۆ ئەوە دەبن کە پارێزگای دیکەیان لێ‌جیا بکرێتەوە بۆئەوەی لە رووی بەڕێوەبەری، خزمەتگوزاری‌و هتدەوە ئاسانتر کاریان تێ‌دا بکرێ. بەڵام پارێزگای ورمێ بە هۆی پێکهاتەکەیەوە کە لە دوو نەتەوەی کوردو ئازەری پێکهاتووە کێشەکەی ئاڵۆزترە.

چالاکێکی کورد لە شاری مهاباد بە ناوی خوازراوی «**شەماڵ هەڵمەت**» پێی وایە باسکردن لە جیاکردنەوەی پارێزگایەک لە پارێزگای ورمێ کە لە زاری چەند نوێنەرێکی پارلمانەوە دێتە گۆڕێ، لە ژوورە عەمەلیاتییەکانی ئۆرگان‌و دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە مودیرییەت دەکرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا چالاکی مەدەنیی ئازەری بەناوی خوازراوی «**فرزاد مهری**» لە شاری ورمێ‌وە

**ئیسماعیل حەسەن‌زادە: هەرچەند من ئێستا بە هۆکاری زاڵبوونی روانینی ئەمنییەتی بۆ سەر ئەم پارێزگایە، هێنانە ئارای ئەم پرسە بە پێویست‌و گونجاو نازانم، بەڵام پێم وایە هەر سێ پارێزگای کوردستان (سنە)و تەورێزو ورمێ بۆ ئەوە دەبن کە پارێزگای دیکەیان لێ‌جیا بکرێتەوە بۆئەوەی لە رووی بەڕێوەبەری، خزمەتگوزاری‌و هتدەوە ئاسانتر کاریان تێ‌دا بکرێ.**

بە رۆژنامەی کوردستانی وت: «ئەوانەی بە ناوی نوێنەری خەڵک لە پارلمانی ئێران ئەو باسانەیان هێناوەتە گۆڕێ، رەوایی ئەوەیان نیە قسە لە سەر دابەشکردنی پارێزگای ورمێ بکەن. بەڵام ئەوە پێوەندی بە دروستی‌یان نادروست بوونی پێکهاتنی پارێزگایەک بە ناوەندێتی مهابادە من ناتوانم جارێ قەزاوەتی ئەوە بکەم‌و تەنیا ئەوە دەڵێم کە ئەم دابەشکردنە دەبێ لەسەر ئەساسی مافە نەتەوەیی‌و نێونەتەوەییەکان بێ».

هەر لە رووی حقوقی‌یەوە دوکتور **ئاسۆ حەسەن‌زادە** پێی وایە: « بەپێی ستانداردە سەردەمییەکانی رێکخستنی پێکەوە ژیانی گەلان لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا دەوڵەت بۆی نیە لە کاتی دارِشتن یان گۆڕینی نەخشەی ئیداریی وڵات‌دا سنووری ئەو یەکانە بە جۆرێک دەسکاری بکا کە لەڕووی هاوکێشەی دێموگرافییەوە بە زیانی گەل یا کەمایەتییەک تەواو بێ‌و دوچاری پەرش‌و بڵاوی‌و بە کەمایەتی بوونەوەو گەمارۆدرانی بکا.

روانینی نەتەوەیی بۆ جیاکردنەوەی پارێزگایەک لە پارێزگای ورمێ، پرسەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر نیشان

**شەماڵ هەڵمەت: باسکردن لە جیاکردنەوەی پارێزگایەک لە پارێزگای ورمێ کە لە زاری چەند نوێنەرێکی پارلمانەوە دێتە گۆڕێ، لە ژوورە عەمەلیاتییەکانی ئۆرگان‌و دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە مودیرییەت دەکرێ.**

دەدات کە پێمان وابێ هەروا بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ. روانینێک هەیە کە پێی وایە ناکرێ بە خوێندنەوەی نەتەوەییەوە رووبەرووی ئەم پرسە بینەوەو لایەنە ئیدارەیەکی گرینگترە. لەم پێوەندییەدا خالید تەوەکولی دەڵێ:» بۆ شیکردنەوەو راڤەی ئەم مەسەلەیە ناکرێ لە ئاستێکی ناسیۆنالیستییەوە سەیری مەسەلەکە بکرێ. ئەو خەڵکەی لەو ناچەیەدا دەژین، کوردن‌و گیرو گرفتی زۆر تایبەت بە خۆیان هەیە کە بەشیکی دەگەڕێتەوە بۆ دووچاوەکی‌و دەسترەسی‌و دابەشکردنی نابەرانبەر بۆ پۆستە سیاسییەکان. لەوانەیە دروستبوونی پارێزگایەکیتر کەمێک لەو گیروگرفتانە کەم کاتەوە ئەما ئەمە ڕێگاچارەیەکی جیدی نیەو هەتا کوو دیموکڕاسی دانەمەزرێت کێشەی خەڵکی ناوچەو کورد بە گشتی کەم نابێتەوە».

لە بەرانبەریش‌دا بۆچونێک هەیە کە پێی وایە نابێ هەروا بە ئاسانی مل بە گۆڕینی باڵانسی دێموگرافی بدەین. لەم پێوەندییەدا **ئاسۆ حەسەن‌زادە** دەڵێ: «بژاردەکانی کورد بەشێوەی هەماهەنگ‌و یەککگرتوو کێشەی ناگونجاو بوونی ناسنامەی قانوونی‌و پێکهاتەی ئیداریی سەرجەم ئوستانەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان بکەنە بنەمای بیرکردنەوە لە خواستی ریفۆرمێکی گشتی‌و هەمەلاگیری جوغرافیای ئیداری لە

**فەرزاد مێهری: «ئەوانەی بە ناوی نوێنەری خەڵک لە پارلمانی ئێران ئەو باسانەیان هێناوەتە گۆڕێ، رەوایی ئەوەیان نیە قسە لە سەر دابەشکردنی پارێزگای ورمێ بکەن. بەڵام ئەوە پێوەندی بە دروستی‌یان نادروست بوونی پێکهاتنی پارێزگایەک بە ناوەندێتی مهابادە من ناتوانم جارێ قەزاوەتی ئەوە بکەم‌و تەنیا ئەوە دەڵێم کە ئەم دابەشکردنە دەبێ لەسەر ئەساسی مافە نەتەوەیی‌و نێونەتەوەییەکان بێ»**

دوارۆژدا کە بەرژەوەندییەکانی باڵانسی دێمۆگرافیی نەتەوەیی لە هەموو ئوستانە کوردییەکان‌دا لەبەرچاو بگرێ، نەک ئەوە کە لەسەر حیسابی زیاتر کەوتنە کەمایەتی‌و توانەوەی کورد لە هەموو ئوستانەکانی دیکەدا پشتیوانی لە دروستکردنی ئوستانێکی تازە بکەین کە پێکهاتەو روخسارە کوردییەکەی کەمتر لە مەترسیدایە».

هەر لەم پێوەندی‌یەدا شەماڵ هەڵمەت پێی وایە لە سەر ئاستی شارەکان هێندێک بۆچوونی «ناوچەگەراییانە» لە ئارادایە کە غافڵن لە رەهەندی گشتیی ئەم پرسەو دەڵێ: «لە سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە هاوفکری لە گەڵ چالاکانی ناوخۆ وێڕای رووبەرووبوونەوە لە گەڵ دیاردەکانی «شارگەرایی» و «ناوچەگەرایی» لەم پرسەدا بیر لە بەرژەوەندی گشتی بکەنەوە».

زەرفییەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەبواری شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ ئوستان‌و یەکە بەڕێوەبەرییەکانی خوارتردا ئەوەندەش نیە کە بڵێین دەسکەوتەکانی دامەزرانی ئوستانێکی لەم جۆرە (لانیکەم لەو شکڵەدا کە ئێستا باسی لێوە دەکرێ) ئەوەندەش زۆرو پڕ بایەخ بن کە شایانی ئەوە بێ کە لە سەردەمی ئێستادا باجێکی ئەوەندە گەورەی لەبواری دڕدۆنگی‌و نالێکی چ لەنێوان کوردو غەیری کورداو چ لەنێو خودی کوردەکان‌دا بۆ بدەین. لەو پێوەندییەدا رەنگە بەراوردێکی بارودۆخەکە چ لەبواری کەشی گشتی‌و فەرهەنگی‌و چ لەبواری کارگێڕی‌و خزمەتگوزاری‌دا لەنێوان ئوستانی سنەو ئوستانی ورمێدا زۆر دەرسی تێدا بن‌و زیاتر هانمان بدا کە بە پشوودرێژیی زۆرترەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکەین‌و خوێندنەوەمان بۆ پرسەکە لە ئاستی سنووورداری ناوچەیەکەوە بگوازینەوە بۆ سەر ئاستی هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٤
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤



کەسێک بیهەوێ لە ناخی ئەم ئازارە سەردەربێنێ، بەسە تەنیا فیلمەکەی پووران درەخشەندە بە ناوی «هیس دخترها فریاد نمیزنند» ببینێ، ئەوجار دەزانێ کە ڕۆژانە لەم وڵاتانەی ئێمە و لە نێو ئەو ماڵانەی تێدا دەژین چ ڕوودەدا و ڕەگەزی ژن چەندە لەمەترسیی دڕندانەی پیاوە برسی و هەوەسبازەکان دایە!

دەسەڵات چۆن دەتوانێ کۆمەڵگە پاکبکاتەوە لە تاوانی لەمشێوەیە،کە ناتوانێ لە دەسگایەکی ڕاگەیاندنەوە بەبێ سانسۆر بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە ئاراستەی تێگەیشتنێکی سەردەمیانە بڵاوبکاتەوە؟! دەسەڵات چۆن دەتوانێ پرۆسەی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی بەرێتە پێش کە ناتوانێ لەگەڵ واقعی دنیای ئەمڕۆ ژیانی گەنجانی وڵاتەکەی دابین بکا؟

# دەستدرێژیی جنسی برینێکی سارێژ نەبوو



**کوێستان فتووحی**

### دەستدرێژی جنسی چیە؟

دەستدرێژی جنسی تاوانێک یان جینایەتێکی دڕندانەیە مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ دەیکات. هەڵبەت ئەم تاوانە تەنیا لەگەڵ ژنان ناکرێ، بەڵکوو منداڵانیش (کچ و کوڕ)یش قوربانیی ئەو تاوانەن، بەڵام لەم نووسینەدا سرنج داوەتە دەستدرێژی جنسی بۆسەر ژنان.

دەستدرێژی جنسی ریشەکەی لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، بێقانوونی، هەڵاواردن لە قانوون‌دا، لاواز نیشاندانی ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکی دیکەداو... دەبێ بۆی بگەڕێین. کاتێک وشەی دەستدرێژی جنسی‌مان گوێ لێ‌دەبێ، بەگشتی زۆربەمان ئەوەمان لە بیرومێشکدا جێ دەگرێ کە زۆرتر لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە هێرش دەکرێتە سەر کچ یا ژنێک و دەڕفێندرێ و لە شوێنێکی چۆڵدا دەستدرێژی دەکرێتەسەر.

لەڕاستی‌دا تەنیا لە سەدا٢٠ی تەواوی ئەو دەستدرێژییە جنسییانە بەوشێوەیەن کە لەسەرەوە باس کرا، واتە هێرش کردنەسەر ژنێکو ڕفاندنیو دواتر دەستدرێژی جنسی بکرێتەسەر. زۆربەی دەستدرێژییەکان لەلایەن کەسانێکەوەن کە تاوان لێ‌کراو کەسەکە یان کەسەکان دەناسێ. زۆرترین تاوانەکان لەلایەن کوڕانو پیاوانێکەوەیە بەرانبەر بە ژنانو کچانێک کە پێکەوە نیسبەتێکی خزمایەتییان هەیە.

هەموو ئەو کەسانەی ناچار دەکرێن کردەوەی سێکس بدەن، سەرفەنەزەر لە تەمەن یان ڕەگەز، بە جۆرێک تاوانە بەرانبەریان دەکرێ. تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتییش‌دا ئەگەر ژن لەلایەن مێردەوە ناچار بکرێ کردوەی جنسی لەگەڵ ئەنجام بدا، ئەوش دەچێتەخانەی دەستدرێژییەوە. دەستدرێژی جنسی بۆ سەر هەر مرۆڤێک گەورەترین سووکایەتیو تاوانە بۆ سەر کەسایەتیی جەستەییو رووحی ئەو مرۆڤە. ڕووی تاریکی کەلتوورێکی دڕندانەی مرۆڤە بەرانبەر بە مرۆڤ.

دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر کچان لە کۆمەڵگەکان‌دا یەکێکە لەو بابەتانەی ئەمڕۆ بۆتە خەمی لایەنگرانی ڕاستەقینەی مافەکانی مرۆڤو قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێو لەلایەن پەیماننامەجیهانییەکانیشەوە مەحکوومە، بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە پێش بەم دیاردە چەپەڵە بگیردرێ. ئەوەش هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە ئەم تاوانە ئەنجام دەدا ترسی لە هیچ سزایەک نیە. دیارە بە هۆی بەدناویو، شاردنەوەی لە لایەن تاوان‌لێکراوەکانەوە، وەک ئەوە وایە ئەم کردەوەیە لە هەموو شوێنێک زۆر کەم ڕوودەدا، لەحاڵێک‌دا لە سەراسەری دنیادا لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان تا دەگاتە وڵاتە دواکەوتووەکان تاوانی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان یەکجار زۆرە. دیارە زۆرتر لە وڵاتانی سوننەتیو دواکەوتوو لە باری فەرهەنگییەوە بەهۆی دەسەڵات و زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژنان‌داو تەنانەت زۆر جار بەهۆی شەڕی دوو تایفە یان بنەماڵەوە وەک تۆڵەسەندنەوە لەیەکتر و بۆسووکایەتی بە بنەماڵە و تایفەی بەرانبەر، هێرش دەکرێتە سەر ژنانی بنەماڵە و دەستدرێژییان دەکەنەسەر. نموونەی تازە لەم بارەیەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ لە دێیەکی پاکستان بوو کە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو بنەماڵەیەی کە کورەکەیان پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچی بنەماڵەکەی دیکە هەبوو، ٦ پیاوی بنەماڵەکەی دیکە بۆ تۆڵەکردنەوەی بە قەولی خۆیان «شەرفیان» کچێکی ئەو لایەنەی دیکەیان ڕفاند و بەبەرچاوی سەدان کەسی گوندەکە و تەنانەت باوکی کچەکەشیان ناچار کرد چاو لە تاوانەکەیان بکا، بە کۆمەڵ دەستدرێژییان کردسەر کچێکەکە! ئەم وەحشی‌گەرییە بەوشێوەیە زۆرتر لە پاکستان ڕوودەدا.

بەڵام کارەساتی دەستدرێژی کردنە سەر کچە ١٦ ساڵەکەی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر لە لایەن کۆمەڵێک ئینسانی خاڵی لە هەستی ئینسانیی، زۆر جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە. لێ وردبوونەوە بەومانایە کۆمەڵگای کورد کە کۆمەڵگەیەکی ئاینییە و باوەڕداران گۆیا لە سزای دوارۆژو قیامەتیان ترسیان هەیە! جارێکی دیکە پەردەیەکی ڕەشی چڵکن پەنجەرە ڕووناکەکەی داپۆشی و هەناسەی زۆر کەسی کوردستانە بەهەشتەکەی توند کرد.

زۆرکەسیش پێش ئەوەی لەخەمی قوربانییەکەدابن، خەمی ئێعتباری وڵاتەکەیان هەناسەی توند کردن! جگە لە ئاغای نەقیب ..... کە لە کاناڵێکی تلەویزیۆنی مەهوارەیی بۆ ڕای گشتی دەوا و گوتی بەخۆشییەوە پاش ئەوەی تاقیکاری پزیشکی لە سەر تاوان‌لێ‌کراو کراوە، ئێستاش پەردەی کچێنی ماوە! بەڕاستی قسەی جەنابی نەقیب بەڕای من کەمتر شەرماوی نەبوو لە کردەوەی تاوانبارەکان! تەنیا بەو مەبەستە ئەو دێڕەم هێنا کە بزانن تاوانێکی بەوڕادەیە شەرمهێنەر کە کەسایەتیی



مرۆڤێک بەتەواوی شکێندراوە، بەڵام ئاغای نەقیبی شارەزا لە پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان! جارێ خەڵک دڵنیادەکاتەوە کە کچەکە پەردەی کچێنی! ماوە ئیدی وێران بوونی ڕووحی کچە گرنگ نیە! سەرچاوەی ئەم‌بیرکردنەوەیە ڕاست لەوەڕایە کە ئەگەر کچێک پەردەی کچێنی نەما، شەرەفی نەماوە!

بەڵام گەورەبوونەوە و ڕیسوایی تاوانەکەی لە هەولێر ڕووی‌دا لەوەدابوو کە لەلایەن قوربانییەکەوە بێدەنگەی لێ‌نەکراو ئاشکرا کرای کرد. ئەگینا ئەوە تەنیا نموونەیەکە لەو دەستدرێژییە جنسییانەی لەلایەن پیاوان بۆ دامرکاندنەوەی هەستەکانیان دەکرێتەسەر ژنان بەبێ ئەوەی بیر لەهەست و ناخی ئەو ئینسانانە بکەنەوە کە دوای ئەم کردارە چەپەڵە چۆن ژیانیان دەرووخێ و کاریگەرییەکی وێرانکار بەجێ دێڵێ لەسەر هەست و ڕووحی ئەو ئینسانانە، کە هیچ شتێک ناتوانێ ئاساییان بکاتەوە و تا ئەو ڕۆژەی گیانیان لەبەردایە کاریگەرییەکەی لەگەڵیان دەمێنێتەوە.

### کێن ئەوانەی ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن؟

دەستدرێژیکەران بە گشتی لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگان، ئەوەش بەو مانایە نیە کە لە نێو خەڵکانی توێژەکانی سەرەوە تاوانی وا ڕوو نەدا. بەڵام زۆرتر کەسانێک ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن کە لە منداڵییەوە تووشی ناهەمواری شەخسییەتی بوون. ئەو کەسانە لەو بنەماڵانەدا گەورەبوون لە لەباری عاتیفی، و فەرهەنگییەوە کێشەو کەمبوودیان هەبووە. بەگشتی دەستدرێژی جنسی لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێ لە بواری شەخسییەتیو دەروونییەوە کەسایەتییەکی جێگیریان نیە و زۆرجار وا بووە ئەو کەسە خۆی لە منداڵی‌دا قوربانیی توندوتیژیی جنسی لەلایەن خزم یان کەسێکی نەناسیاو بووە، یان ئەوەی بەهۆی پەروەردەی بنەماڵەییو... دەست بۆ ئەم کردوەوە تاوانکارییە دەبات. لە ڕاستی‌دا دەستدرێژی جینسی، جۆرێکە لە لادانی جنسی کەسەکە بەو هۆیەی ناتوانێ لە ڕێگای ئاساییی و پێوەندییەکی ئینسانی ڕێگەپێدراو و یاسایی، بە نیازەکانی خۆی بگات، بە زۆرو بەپێچەوانەی خواستی کەسی بەرانبەر، پەنا دەباتە بەر زۆرێو هێرش کردنو دەستدرێژی.

### کێ بەرپرسە کۆمەڵگە لەو کردەوە پڕشەرماوییە داتەکێنێ؟

ئەم ڕۆژانە هەرتاکێکی کورد کە ئەم تاوانەی لە هەولێر ڕووی‌دا بیست، خۆی خستە نێو بەرەی بائەخلاقەکانو لۆمەی ئەم تاوانو تاوانبارانەیان کرد، زۆر کەس خوازیاری لەناوبردنی تاوانبارەکان بوون، بەبێ ئەوەی کەس بیر لەوە بکاتەوە ڕاستی ئەگەر ئەم شەش کەسە دەستدرێژیکەرە، کۆتایی بە ژیانی پڕلەشەرماوییان بێ، دیاردەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان لە کوردستان کۆتایی دێ یان کەم دەبێتەوە؟ بێگومان سزادانی ئەم چەند کەسە کەمترین کارە لەپێناو سڕینەوەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان.

کۆمەڵگای کوردستان و ئەو کۆمەڵگایانەی لەباری ڕەفتار و ئەخلاقەوە خۆیان بە کۆمەڵگەیەکی نموونە دەزانن، بەتایبەتی کۆمەڵگە ئایینییەکان لە بواری



پەروەردەیی و هەستەئینسانییەکانەوە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوون و کارکردن لەپێناو سڕینەوەی دیاردەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان کارێکی دژوارە، بەڵام لەهەمانکاتیش‌دا دەکرێ کەمبکرێتەوە. پەروەردە بناغەی هەر کارێکە. کە ئەمەش بە دەسەڵات و بنەماڵە دەکرێ.

دەسەڵات چۆن دەتوانێ کۆمەڵگە پاکبکاتەوە لە تاوانی لەمشێوەیە،کە ناتوانێ لە دەسگایەکی ڕاگەیاندنەوە بەبێ سانسۆر بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە ئاراستەی تێگەیشتنێکی سەردەمیانە بڵاوبکاتەوە؟! دەسەڵات چۆن دەتوانێ پرۆسەی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی بەرێتە پێش کە ناتوانێ لەگەڵ واقعی دنیای ئەمڕۆ ژیانی گەنجانی وڵاتەکەی دابین بکا؟ دەسەڵات چۆن دەتوانێ لاوان (ژنانو پیاوانی) سبەینێ ئاشنا بکا بە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەستە جنسییەکانیانو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریان، کە ناتوانێ وانەیەک لەمبارەیەوە لە پرۆسەی پەروەردیی‌دا بگونجێنێ. دەسەڵاتێک کە ناتوانێ هاوخەم بێ لەگەڵ ئینسانە قوربانییەکان و نەتوانێ چوارچێوەیەک بۆ ژیانیان دابنێ، چۆن دەکرێ دیاردەی دەستدرێژی کەمبکاتەوە؟

نموونەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لەگەڵ دنیای پێشکەوتن و سەردەمیانەدا یەکجار ناتەبایە، لەهەمانکاتیش‌دا لە ژێر پەردەی ئیسلامی بوون‌دا هەرچی تاوان و جینایەتە لە تاران و شارەگەورەکانی دیکەی ئێران ڕوودەدەن، کە یەکیان تاوانی دەستدرێژی کردنەسەر ژنانە.

ئەوەی کە دەگوترێ دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر ژنان لە هەموو شوێنێک ڕوودەدا بەو مانایە نیە کە ئێمە لە کوردستانی خۆمان ئەوە بە شتێکی ئاسایی ببین. هەڵبەت ئەوەی لە هەولێر ڕووی‌دا گوتمان تەنیا نموونەیەکە لە دڕندانەترین شێوەی دەستدرێژی بۆ سەر ژن. دیاردەی دەستدرێژی بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێرانیش کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە یەکجار زۆرە. لاپەڕی ڕووداوەکانی هەر ڕۆژنامەیەکی ئێرانی هەڵدەینەوە پڕن لە هەواڵی جینایەتی دەستدرێژی کردنەسەر منداڵانو ژنان.

کەسێک بیهەوێ لە ناخی ئەم ئازارە سەردەربێنێ، بەسە تەنیا فیلمەکەی پووران درەخشەندە بە ناوی «هیس دخترها فریاد نمیزنند» ببینێ، ئەوجار دەزانێ کە ڕۆژانە لەم وڵاتانەی ئێمە و لە نێو ئەو ماڵانەی تێدا دەژین چ ڕوودەدا و ڕەگەزی ژن چەندە لەمەترسیی دڕندانەی پیاوە برسی و هەوەسبازەکان دایە!

لە کۆتاییدا دەڵێم لە هەرێمی کوردستانیش دەسەڵات بۆ مەسەلەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان لەلایەن پیاوانەوە، پێش هەمووشتێ پێویستە فکرێکی جیددی و بەپەلە بکاتەوەو لە هەنگاوی یەکەم‌دا هێزێکی تایبەتی لە پسپۆرانی دەروونی، چالاکوانانو یارمەتیدەرانی بواری کۆمەڵایەتی، پۆلیسی تایبەتی کە شارەزابێ لە بواری دەروونناسییەوە پێک بێنێ بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دەقیقی هەر تاوانێکی لەم شێوەیە، نەک تەنیا لە شارێک بەڵکوو لەهەموو شارەکان ئەم هێزە هەبێ بۆ ناسینی کەسایەتیی تاوانکاران و پاشان بۆ پێشگرتن لە تاوانی لەمشێوەیەو پشتیوانی کردن لە قوربانیانی دەستدرێژی. پێش هەمووشتێ دەسەلات دەبێ لەخەمی مرۆڤە قوربانییەکان‌دا بێ، کەسایەتییان بپارێزێ پاشان لە ڕێی پەروەردەوە لە فکری چارەسەری ریشەیی بۆ ئەم جۆرە کێشانەدا بێ!

حەسەنی ڕووحانی بەو شێوازی وتارو سیاسەتانەی تا ئێستاکە گرتوویەتە پێش‌و ئەوەکە پشتوانیی خودی خامنەییشی لەگەڵە، توانیویەتی هەموو ڕوانینەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ. بەڵام داخوا ناوبراو تا چ ئاستێک قسەکانی خۆی هێناوەتەجێ و تا چ ڕادەیەک توانایی یان ویستی هەنگاونان لە ڕێڕەوی میانەڕەوی بە تایبەت لە بواری ئابووری‌دا لەبەرچاو گرتووە،
ئەیوب شەهابی‌راد

وا دیارە بە داخەوە خەبات لەپێناوی دروستکردنی زمانی فەرمی یان یەکگرتووی کورددا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی کوردە. بڕیاری بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی لە پارلمانی عێراق تا ئەم قۆناغە، دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەگەر کورد خاوەنی زمانێکی فەرمی‌و یەکگرتووی سەرانسەری بووایە، ئەم بڕیارە گرنگییەکی زیاتری بۆ کورد دەبوو.
مستەفا مەعروفی

# حەسەن ڕووحانی و دوو ئاراستەی دژبەیەک:
# سیاسەتە ئابوورییەکان یان گەمەی سیاسی



ئەیوب شەهابی‌راد
وەرگێران بۆ کوردی:
سیروان موساپوور

لەباری بەڕێوەبەرێتی، کارکردی‌و هەروەها ئاماری، لێکدانەوەو لە هەمان کاتدا دەرەنجامگیریی پێویست لە ماوەی کورتی سەرۆک کۆماریی ڕووحانی نە شتێکی گونجاو و، نە بە لەبەرچاوگرتنی شێوازە ناسراوەکانی لێکدانەوە و توێژینەوە لە بواری کار و کردەوەکانی دەوڵەتێک، بە شتێکی دروست و لۆژیکی دێتە بەرچاو. بەڵام ئاوڕدانەوەیەکی قووڵ‌و گشتیی بۆ سیاسەتە کەلان و گشتییەکانی دەوڵەتی ڕووحانی، کارێکی بەجێ‌و پێویستە.

جیا لە هەموو کێبرکێیەکانی هەڵبژاردن‌و نێوخۆیی حکوومەت لەسەر بنەمای بەرەوپێش‌بردنی هەرچی خێراترو باشتری بەرنامەکانی پێشکەش‌کراو لەلایەن لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن، بەڵام دەوڵەتی حەسەنی ڕووحانی، هەر لە دەسپێکی کارەکانی‌دا ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵ‌و هەمەلایەنە بە تایبەت لە بواری ئابووری‌دا بۆوە و دووەم ئەوەکە ناوبراو بەبێ خستنەڕووی هیچ سیاسەت‌و ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو، بۆ دەربازبوونی هەرچی خێراتر لە قەیرانی ئابووری زۆر بەپەلە بوو. لەوانەیە لە ڕوانینی یەکەم‌دا ئەم پەلەکردنە وەک جۆرێک هەستیاربوون بە دۆخی ئارایی‌و نییەت پاکی ئەژمار بکرێ، بەڵام بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ بارودۆخی گشتیی ئێران‌و هەروەها هەڵوێست‌و ڕوانگەکانی دامودەزگای دەسەڵاتداریی لە بەرامبەر تەواوی قەیران‌و گرفتەکانی ڕابردوو و ئێستا، دەتوانرێ بگوترێ کە نۆژداریی سەد ڕۆژەی ڕووحانی لە چوارچێوەی بەڵێن‌و وەعدە گومانأوییەکانی، ناڕوونی‌و پرسیارگەلی زۆرتری لەبارەی کێشە هەنووکەییەکان‌و چارەسەرکردنیان وروژاندووە.

- ڕووحانی لەنێو هەموو قەیران و گرفتەکانی وڵات تەنیا جەختی لەسەر چارەسەرکردنی هەرچی خێراتری کێشەی ئابووری دەکردەوە!

- هەرچەند ڕووحانی بە شێوەیەکی ئاماژەگەرانە گرفتە ئابوورییەکانی وڵاتی بە سەرچاوەگرتوو لە بەڕێوەبەرێتیی‌و سیاسەتە چەوت‌و ناڕاستەکانی ئەحمەدی‌نژاد لەقەڵەم دەدا، بەڵام لەڕاستی‌دا ڕوانینی ئەو زیاتر بۆ نەهێشتنی گەمارۆکان‌و بە چەشنێک دەستەوداوێن بوونی ڕۆژئاوا بوو نەک پێداچوونەوەیەکی گشتی لە سیستەمی بەڕێوەبەرێتیی‌و لابردنی لەمپەرە جیددییەکانی بەردەم ئابووریی ئێران!

- ئایا کێشە‌و گرفتە ئابوورییەکان تا ئاستی سەرهەڵدانی نارەزایەتی‌و بزووتنەوە جەماوەرییەکان بوون کە ڕووحانی بەم چەشنە پەلەکردنەو بە پێداگریی و چرا سەوزە بەردەوامەکانی خامنەیی، بەنیازە گەمارۆ ئابوورییەکان تا ئەو جێیەی دەکرێ، نەرمتر و کراوەتر بکا؟

ڕەوتی بەڕێوەبەرێتیی کەلانی ئابووری‌و گەمە سیاسییەکانی پێوەندیدار بەمە لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی ڕەوتێکی تەواو ناڕوون‌و نادیار بووە، بەڵام خودی ڕێژیم‌و کابینە حکوومەتییەکانیش بە دەرکردنی هەموو جۆرە سیاسەتێکی ئابووری لەسەر بنەمای هەموارکردنی پێکهاتەیی بە ئامانجی سەقامگیریی ڕێژەیی ئابووریی‌و هێنانەدی لانی‌کەمی داخوازییە پێویستەکانی خەڵک، تا ئێستاکە نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن. بۆ نموونە هاشمی ڕەفسەنجانی لە ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆی‌دا بە جێبەجێکردنی « سیاسەتەکانی هەموارکردنی پێکهاتەیی» ئێرانی کردە یەکێک لە قەرزدارترین وڵاتانی جیهان. نرخی هەڵاوسانی بە لەسەدا شەست (٦٠٪) گەیاند و دەتوانرێ بگوترێ دەوڵەتی ڕەفسەنجانی یەکێک لەبناغەدانەرانی ڕانت خۆری لە وڵاتدا بوو. تەنانەت لە ماوەی سەرۆک کۆماریی هەشت ساڵەی ئەحمەدی نژاددا کە ئەم هەمووە باسی دادپەروەری‌و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتە نەوتییەکان‌و بەرگریی لە توێژی هەژاری کۆمەڵگە دەکرد، نە تەنیا هیچ هەموارکردنەوەو سەقامگیرییەک نەهاتە ئاراوە، بەڵکوو مافیای دەسەڵاتی سیاسی ـ ئابووری بە زەوتکردنی زیاتری سەرچاوەکانی سامان و دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوە داراییەکان، زیاتر لە پێشوو پایەکانی خۆی قاییم کردو تەنانەت سندووقی نێونەتەوەیی دراو، بە هۆی ئەوەی ئەحمەدی نژاد لە ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆی‌دا زۆرترین بەرنامەی لە بواری بە کەرتی تایبەت سپاردن‌و نادەوڵەتیکردنی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دنیا وەڕێ خستبوو، سپاسی کردو سپاسنامەی بۆ نارد.

لەحاڵێکدا حەسەنی ڕووحانی بەو شێوازی وتارو سیاسەتانەی تا ئێستاکە گرتوویەتە پێش‌و ئەوەکە پشتوانیی خودی خامنەییشی لەگەڵە، توانیویەتی هەموو ڕوانینەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ. بەڵام داخوا ناوبراو تا چ ئاستێک قسەکانی خۆی هێناوەتەجێ و تا چ ڕادەیەک توانایی یان ویستی هەنگاونان لە ڕێڕەوی میانەڕەوی بە تایبەت لە بواری ئابووری‌دا لەبەرچاو گرتووە، دەمانەوێ لە سێ ڕوانگەی خوارەوە تاوتوێ و لێکدانەوەی بۆ بکەین:

**کارنامەی سەد ڕۆژە:**

لە نوێترین ڕاپۆرتێک کە سندووقی نێونەتەوەیی دراو بڵاوی کردۆتەوە، گەشەی ئابووریی ئێران لە (١,٥٪) لە ساڵی ٢٠١٣ بە (١,٣٪) لە ساڵی ٢٠١٤ دەگات و هەروەها نرخی هەڵاوسان لە سەرووی ٤٢٪ لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ئاستی ٢٩٪ لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی دادەبەزێ. هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئێران لەنێو ٣٠ وڵاتی ناوچەیی ئاماژەپێکراو لەم ڕاپۆرتەدا بێجگە لە سووریە نزمترین نرخی گەشەو بەرزترین نرخی هەڵاوسانی هەیە. لەوانەیە بە جۆرێک بتوانرێ ئەم گۆڕانە کەمە لەباشتربوونی باری ئابووری بەیەکێک لە نیشانەکانی ماوەی سەد ڕۆژە لەقەڵەم دەین، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کەمە لەڕاستی‌دا زیاتر بەرهەمی پێکهێنانی جۆرە کەشێکی ڕەوانیی زاڵ بەسەر بازاڕ دایە تا وەگەڕخستنی بەرنامەیەکی دیاریکراوی ئابووری. هەرچەند ڕووحانی تا ئێستا لانیکەم بە قسە خوازیاری باشتربوونی دۆخی هەنووکەیی، گۆڕان لە شێوازی بەڕێوەبەرێتیی ئابووری‌و تێپەڕین لە قەیرانەکانی بەدەمیەتی، بەڵام نیشانەگەلێک کە دەرخەری گۆڕانی ڕاستەقینە لەدۆخی ئارایی یان گۆڕانکاریی نزیک بێ، زۆر لاوازتر لەوەن کە بتوانرێ هیوایان پێ‌ببەسترێ. لەڕاستی‌دا دەکرێ بگوترێ لانیکەم ئەم نیشانانە نادیار بوون: دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بابەتی یارانەکان، خەبات لەگەڵا گەندەڵکاران و ڕانت خۆران، هەنگاونان بەرەو ئابوورییەکی خەڵکی، شوێنکەوتنی پێداویستییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ بیمەی کۆمەڵایەتی، ئازادکردنی چالاکە سیاسیی و سینفییە جیابیرەکان.

**ڕەوتی دانیشتنە ناوکییەکان:**

بێ‌گومان گەمارۆ ئابوورییەکان تا ئێستا کاریگەریی زۆریان لەسەر ئابووریی ئێران لە باری داتەپینی زیاتر هەبووە و هەیانە. بەڵام ئەوەکە تەواوی کێشەکانی ئێستا بە سەرچاوەگرتوو لە گەمارۆ ئابوورییەکان بزانین، مەسەلەیەکە و ئەوەکە ڕووحانی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ چارەسەرکردنی گشت کێشە هەنووکەییەکانی لە سەوەتەی لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا داناوە، مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەم پەلەکردنەی ڕووحانی‌و چرا سەوزە بەردەوامەکانی خامنەیی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دانیشتنە ناوکییەکان‌و نەهێشتنی هەرچی خێراتری گەمارۆ ئابوورییەکان دەتوانێ هۆکاری دوو واقعییەتی نێو ڕەوشی سیاسیی وڵات بێ.

**یەکەم:** نە ڕووحانی‌و نە هیچکام لە کەس‌و لایەنەکانی نێو حاکمییەت نە ئیرادە و نە ویستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مافیای دەسەڵاتی سیاسی ـ ئابووری سەر بە دەزگای وەلی فەقیەو هەروەها گۆڕینی ڕێڕەوی هەنووکەیی ئابوریی ئێرانیان لە ئابوورییەکی بەتەواوەتی ڕاستی بازاڕگەرایانە و پاوانخوازانە بەرەو ئابوورییەکی خەڵکیی تا ئێستا لەخۆ نیشان نەداوە.

**دووەم:** قەیران‌و کێشە ئابوورییەکانی ئێران‌و دواهات‌و لێکەوتە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکانی ئێستا چ بە هۆی بەفیڕۆدانی سامانە نەتەوەییەکان یان بەڕێوەبەرێتیی نادروستی ئابووریی‌و چ بە هۆی گەمارۆکان، بە ئاستێک گەیشتووە کۆمەڵگەی ئێران تا سەروبەندی ڕاپەڕین و شۆڕشێکی گشتگیری جەماوەری بردووە و ڕێژیم بەباشی لەم ڕاستیە گەیشتووەو کەواتە لەهەر دەرگەیەک دەدا بۆ ئەوەی هەرچی خێراتر لانیکەم گەمارۆ نەوتییەکان لاببات.

بەڵام لایەنێکی دیکەی ڕەوتی ئەم دانیشتنانە گەمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە چوونەسەری لانی زۆری بەرژەوەندییەکانی هەرکام لە لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان لەم نێوە دایە و لەڕاستی‌دا دەتوانرێ دان بەوە دابنرێ ئەوەی کە لەم نێوەدا گەمەی پێ‌کراوە، یەکێکیان خەڵکی ئێران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و ئەوی دیکەیان خودی ڕێژیم لەلایەن زلهێزە جیهانییەکانە.

**سیاسەتەکانی ڕووحانی لە بەرامبەر بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە:**

زۆربەی سەرۆک کۆمارەکانی ڕێژیم زۆر بە سەیری شەیدای بابەتە ئابوورییەکان بوون‌و بەردەوام ئیدیعای لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە، خەڵکییانە، هاوسەنگ کردن‌و نەهێشتنی پێداویستییەکانی توێژی کەم داهاتیان هەبووەو هەیە. بەڵام نهێنیی ئەم هەموو شەیدابوونە لە دوو هۆکاری بنەڕەتیی‌دا شاردراوەتەوە:

**یەکەم:** ڕەفتارو ماهییەتی دیکتاتۆریانەی کۆماری ئیسلامییە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پێناس‌و نیشانەی هاوبەشی تەواوی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانە کە بەردەوام خەڵک لە کێشە سیاسیی ـ کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی خۆیان بەدوور بگرن‌و بەجێگەی ئەوە هەوڵیان داوە لە دوو ڕێگەوە خەڵک بە کێشە ئابوورییەکانەوە خەریک بکەن. یەکێکیان لە ڕێگەی بە برسی ڕاگرتنی زۆرینەی خەڵک‌و ئەوی دیکەیان لەڕێگەی نەهێشتنی زۆربەی پێویستییە ئابوورییەکانی خەڵک. بەڵام هەڵبژاردنی هەرکام لەم ڕێگایانە بە توانایی و ئیرادەی سیاسی ـ ئابووری ئەم جۆرە حکوومەتانە بەستراوەتەوە.

**دووەم:** لەبەر ئەوەی دامودەزگای دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی هەم لەباری ناوەڕۆکەوە و هەم لەباری جۆری بیرکرنەوەو ڕوانینی بۆ دنیا، شێوازێکی کۆن‌و دواکەوتووانەیە، بەم هۆیەوە یان هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران‌و چارەسەرکردنی کێشە زۆرەکانی نەبووە یان ئەگەر هەنگاوێکیشی هەڵێناوەتەوە، ڕیسەکەی لێ‌بۆتەوە خوری‌و لە زۆربەی کاتەکان‌دا بە هۆی هەڵەکانی خودی ڕێژیم‌و نارەزایەتیی خەڵک، بۆ دۆخی پێشوویان گەڕاندۆتەوە. شتێک کە لە وتەکانی ڕووحانی‌دا چ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و چ دوای هەڵبژاردن بە ڕوونی دیار بوو ئەوە بوو ناوبراو هەرگیز خۆی وەک کەسێکی ڕیفۆرمخواز یان خوازیاری ڕیفۆرمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی نەناساندووەو تا ئێستاکەش هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراوی لە بواری چارەسەرکردنی کێشە و بابەتە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ئێران نەبووە.

حەسەنی ڕووحانی‌و دەوڵەتەکەی

لە حاڵێکدا هەموو ڕوانین‌و تا ڕادەیەک هیواکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، کە لەگەڵ کێشە‌و قەیرانی قووڵ و بەربڵاو لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویە. کێشەگەلێکی وەک: کورتهێنانی بوودجەی بەجێ‌ماو لە دەوڵەتی پێشوو شتێک نزیک بە ( هەزار میلیارد تمەن) لەحاڵێکدا بوودجەی ساڵی داهاتوو (١٣٩٣) نزیکەی (٢١٠) ملیارد تمەن دەبێ. بێکاری تا ئاستی ٥,٧ میلیۆن کەس. دەوڵەت بە توندی بەستراوە و لە ژێر دەسەڵاتێکی بەرزتر لە خۆی وەک (دامەزراوە سەربازییەکان، بنیاتەکان‌و هەرەمی سیاسیی وڵات) دایە. وەستاویی هەڵاوسان کە تا ڕادەیەکی زۆر ئابووریی ئێرانی ئیفلیج کردووە. لەنێوچوونی متمانە لە بۆنگا و بازاڕە مالییەکان و بەرەو لەنێوچوونی بەشی بەرهەمهێنانی وڵات. تەواوی ئەم کێشانە بەرهەمی گەڵاڵە و پرۆژە تێکشکاوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو بووە کە بە ڕوانگەی ڕاستی توندڕەوانەو بازاڕخوازانەی خۆیان، خەڵک کە دەبێ چەق‌و ناوەندی سەرەکی گشت بڕیارەکان بێ، هەمیشە لەبیر کراوە. بەم هۆیەوە دەوڵەتەکانی پێشوو هەرگیز نەیانتوانیوە پێگەی چینایەتی ئەم ڕێژیمە، کە تەنیا لەنێو لایەنەکانی دەسەڵات‌و گەندەڵکاران و ڕانت خۆراندا هەیە، بەولاوەتر ببەن و تەنیا کەڵکەڵەی سەرەکییان پاراستنی سیستەمی ویلایەتی فەقیە بووە. بەڵام لە حاڵێکدا تایبەتمەندییە فکری‌و کارکردییەکانی ڕووحانی تا ئێستا زیاتر هاوشێوەی پارێزەرێکی وەلی فەقیهە، تا کەسایەتییەکی میانەڕەو. با بزانین لەداهاتوویەکی نە زۆر دوور لەم خاڵە و شرۆڤەکارییە تا چ ڕادەیەک دڵنیاتر یان لەوانەیە دوودڵتر دەبین کە: « ڕێڕەوی کردەوەو بیرکردنەوەکانی حەسەنی ڕووحانیش شتێکی جیا لە هەنگاونان لەپێناو ویلایەتی فەقیەو پاراستنی ئەم ڕێژیمە نیە.»

دریژەی:

# پەسندکرانی زمانی فەرمیی کوردی لە پاڕلمانی عێراق

لە کوردستانی خودموختاردا لە پاڵ زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی ناسرا.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە قانوونی ئەساسیی عێراق‌دا زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرانسەری وڵاتدا بە فەرمی ناسرا. ئەوە یەکەم جار بوو زمانی کوردی بە پێی قانوون دەبوو بە زمانی فەرمی لە سەرتاسەری وڵاتێکدا. ئەوە لە کاتێک دایە کە تا ئێستاش لە ئێران‌دا هەوڵ دەدرێ زمانی کوردی وەک شێوەزارێکی زمانی فارسی لەقەڵەم بدرێ، واتا حاشا لە بوونی زمانی کوردی دەکرێ‌و لە تورکیەش تا ئەم دواییانە دان بە زمانی کوردی‌دا نەدەنرا.

**کەموکورتییەکانی بڕیاری پارلمانی عێراق**

لە ٢٠٠٤ەوە کە لە قانوونی ئەساسیی عێراق‌دا زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراق بە فەرمی ناسراوە، هەتا دەرچوونی ئەم بڕیارەی پاڕلمان، نەببوو بە بڕیارو جێبەجێ نەکرابوو، ئێستاش دەبێ لەوە بەدوا جێبەجێ بکرێ. هەرچەند لە قانوونی ئەساسی‌دا بە ڕوونی ئاماژە بەو مافە کراوە، بەو حاڵەش ئەم بڕیارە بە ئاسانی دەر نەچووەو دژایەتیی زۆری لەگەڵ کراوە، با لەوەش گەڕێین کە پاش ١٠ ساڵان بوو بە بڕیار. لەو ماوەیەدا زمانی کوردی زیاتر لە کوردستان وەک زمانی فەرمی کاری پێ‌کراوە. لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی قانوون ئەو مافەی بە فەرمی ناسیبوو و دراوی نوێی عێراق چاپ بوو، بەڵام بە زمانی کوردی لەسەری نەنووسراو پشتگوێ خرا. لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا پاسپۆرت بە زمانی کوردی لەسەری نووسرا.

کوڕوکۆمەڵی کورد لە باشووری کوردستان پێیان وایە کە ئەم بڕیارە هەموو ئەو مافانە ناگرێتەوە کە لە قانوونی ئەساسیی عێراق‌دا هاتوون، بۆ وێنە: ئەم بڕیارە دراو، هێماکانی هاتوچۆ، تەمرو پاسپۆرت دەگرێتەوە. ئیشارەی بە بەڵگەنامە سیاسی‌و دیپلۆماسییەکان، قانوون و بەڵگەنامە حقووقییەکان‌و گەلێک بواری دیکە نەکردوە. لە حاڵێکدا مادام زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، دەبێ وەک زمانی عەرەبی کاری پێ‌بکرێ.

سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەش ئەم بڕیارە لە چاو ڕابردوو و لە چاو بارودۆخی زمانی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەسکەوتێکی کەم نیە. ئەگەر هێزو بەرنامەی باش‌و هەوڵی دڵسۆزانەی کوردی لە پشت بێ، گومانی تێدا نیە لە داهاتوودا ئەو ئامانجە وەدی دێ‌و بڕیاری گونجاوتر لە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی دەدرێ.

**زمانی فەرمیی کوردی لە عێراق‌و لە کوردستان**

ئێستا زمانی کوردی لە عێراق بە فەرمی ناسراوە. داخوا لە کوردستان کورد بۆخۆی زمانی فەرمیی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی، کامەیە؟ ئەوەی لە عێراق‌و لە باشووری کوردستان‌و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک زمانی فەرمیی کوردی جێی خۆی کردۆتەوە لەسەر بنەمای شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاستە کە بەشی زۆری باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. زمانی فەرمیی سێ حکوومەتی کوردی بووە: حکوومەتی شێخ مەحموود (١٩١٩ – ١٩٢٣)، کۆماری کوردستان ( ١٩٤٦)و حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان کە دیارە هێندێک جار لە ئاستی فەرمی‌دا شێوەزاری کرمانجیی ژوورووش بەکاردێ بەڵام زیاتر بە شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاستە.

ئەوەی وەک زمانی فەرمیی کوردی تا ئێستا ناسراوە بۆ کورد لە باکوورو ڕۆژئاوا تەنانەت بەشێک لە کورد لە ڕۆژهەڵات‌و باشووری کوردستانیش وەک زمانی فەرمی بەکار نایە کە بەشی هەرەزۆری کورد دەگرێتەوە. بێگومان ئەو بەشە زۆرەی کورد (جگە لە ئاخێوەرانی کرمانجیی ژووروو لە باشووری کوردستان) کە مافی خوێندن‌و نووسین بە زمانی خۆی لێ زەوت کراوە لەبەر بارودۆخی سیاسی ناتوانێ خاوەنی زمانی فەرمی بێ، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ئەو مافەی وەدەست هێنا داخوا ئەم زمانە فەرمییە بەکار دێنێ یان شێوەزاری خۆی دەکا بە زمانی فەرمی؟ داخوا کورد خاوەنی دوو زمانی فەرمی دەبێ؟ یان دەکرێ زمانێکی فەرمی دروست ببێ کە لە سەرانسەری کوردستان جێگای پەسند بێ؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە کە لە ئەرکی ئەم وتارە بەدەرە.

وا دیارە بە داخەوە خەبات لەپێناوی دروستکردنی زمانی فەرمی یان یەکگرتووی کورددا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی کوردە. بڕیاری بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی لە پارلمانی عێراق تا ئەم قۆناغە، دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەگەر کورد خاوەنی زمانێکی فەرمی‌و یەکگرتووی سەرانسەری بووایە، ئەم بڕیارە گرنگییەکی زیاتری بۆ کورد دەبوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٤
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٣
ئەدەب و هونەر

# سەرنجێک بۆ شیعرو سروودی نەتەوەیی!



عەلی لەیلاخ

سروودی نەتەوەیی؛ بە پارچە مۆسیقایەک یان سروودێک دەگوترێت کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بە سروودی میللی ئەو وڵاتە بە رەسمی دیاری دەکرێ.

سرووده نەتەوایەتییەکان بریتین لە مۆسیقاو ئاوازگەلێک کە لە بۆنەو رێورەسمە تایبەتەکاندا بڵاو دەکرێتەوەو ناوەرۆکی ئەم ملۆدیو سروودانە، نەتەوەییو لەهەر نەتەوەیەکدا باس لە بەسەرهاتومێژووی ئەو نەتەوە دەکات. لە هێندێک هەلومەرجی وەک هێرش کردنو شەڕ سروودی نەتەوەیی بۆ هاندانو بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە نێوخەڵکدا بۆ پاراستنو بەرگری کردن لە خاک وکیانی وڵات بڵاو دەبێتەوە . ئەم شێوە شێعرو سرووده خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە کە لێرە بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین:

دەگوترێ کە یەکەم جار (کیم گائو)گورانی بێژی ژاپۆنی لە سەدەی ٩زایینی، هەڵبەستێکی حەماسی بۆ ئیمپراتۆری ئەوکاتی ژاپۆن نووسیوە کە دێرێک لەو هەڵبەستە درێژە لە ساڵی ١٨٦٨ کرا بە سروودی نەتەوەیی ژاپۆن کەئێستا هەمان یەک دێڕ کورتترین سروودی نەتەوەییە لە جیهاندا.

(بە هیوام، دەسەڵات داریەتیی ئێوە../
هەزاران ساڵ، هەشت هەزار ساڵ بخاینێ،
هەتا وردیلەکان دەبن بە گاشە بەردو،
بەسەریاندا گیا شین دەبێ..)

هەروەها وڵاتی یونان خاوەنی درێژترین سروودی نەتەوەییە. لە ساڵی ١٨٣٣ «دیونیسیوس سۆلۆمۆس» شاعیری بە ناوبانگی یونانی شێعرێکی لە ژێر ناوی «ئازادی»هۆنیەوە کە بریتی بوو لە ١٥٨ دێڕ. ئەم سرووده باس لەوە دەکا کە ئازادی وڵاتی یونان بە شۆڕشو خۆڵقاندنی حەماسە بە دەست هاتووە.

(دیسانەوە تو دەناسم!
کە لەسەر ئیسقانی مەزنە قارەمانانی یونان
کەونارا، راوەستاوی و،
دلێرانە دەمێنیتەوە
درووودی ئێمە بۆ تۆ ئەی ئازادی..)

ئەمە بەشێکە لە شێعری درێژی «سۆلۆمۆس» کە «نیکۆلاس مانتزاروس» مۆسیقای بۆ داناوەو لە ساڵی ١٨٦٥ بوو بەسروودی نەتەوەیی یونان و لە ساڵی ١٩٦٦ بوو بە سروودی نەتەوەیی وڵاتی قبرسیش.

تائێرە باس لەسەر دێرینترین و درێژترین سروودی نەتەوەیی بوو لە جیهان. ئەوەی کە زیاتر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لەسەرجەم سرووده نەتەوەییەکانی جیهان لە هەر وڵاتێک بە پێی هەل ومەرجومێژوویی ئەو وڵاتە دانراوە و لە زۆربەی وڵاتەکان رووداوە سیاسییەکان کە هاتووتە ئاراوە نەیتوانیوە بەتەواوی ئەو سروودانە یان ئەو پارچە موسیقایە بگۆرن. جاری وایە قرت و بڕ کراوە بەڵام لە زۆربەی وڵاتەکان وەک خۆی ماوەتەوە چونکە زیاتر لە باری مانایی وشێعریی، ریتم و مۆسیقاکەیە کە بە درێژایی مێژوو یان لە سەردەمێکی هەستیار چۆتە ناخی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەو بە بیستنی هەستی نەتەوەییان دەورووژێنێتەوە، زۆرجار سروودی نەتەوایەتیی باسی مێژووی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێک دەکات کە ئەو ڕاپەڕینە بۆتە دەسپێکی سەربەخۆیی وسەرکەوتنیان. وەکوو سروودی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو سروودی نەتەوەیی کوردا!.

بۆ نموونە خەباتکارێکی ئەمریکایی بە ناوی «فرانسیس ئیسکات کی» بە دیتنی ئاڵای پڕ ئەستێرەی ئەمریکا لە شەڕی «فۆرت مەک هێنری» بەرانبەر بە کشتییە شەرکەرەکانی بریتانیا لە دورگەی «جساپیک» و یادەوەری ئەو حەماسەیە بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە ساڵی(١٨١٢) دەبێتە هۆی دانانی شێعری «ئاڵای پڕ ئەستێرە» کە لە چوار بەند پێکهاتووەو ئێستاکە بەندی ئەوەڵی ئەو شێعرە سروودی نەتەوەیی ئامریکایە؛

(پێم بڵێن؛
لە کاتی هەڵهاتنی خۆری بەیانی دەتوانی بیبینی،
ئەوە ئاڵایە کە ئێمە بە شانازییەوە سڵاوی بۆ دەنێرین!
ئایا هێشتا ئەو ئاڵا پڕ «ئەستێرە« بە دەم باوە دەلەرێتەوە؟
بەسەر خاکی ئازادیخوازان و لەسەر ماڵی دلێران؟)

دەتوانین بڵێین وەک چۆن لە ناوەکەیڕا دیارە سووژەو ناوەرۆکی سەرجەم سرووده نەتەوەییەکان باس لە گرینگی نەتەوە دەکات چ لە ڕابردوو،چ لە ئێستادا، هەروەها یەکیەتیو یەک ریزی بۆ داهاتوویێکی باشتر، بە بێ لە بەرچاو گرتنی فیکریەتی سیاسیو ئایین و ئایین زاکان، بەڵکوو چەمکی نەتەوە دەتوانی گرێدەری هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بێت بۆ خزمەت کردنو پاڕاستنی کیانو خاکی هەر نەتەوەیەک. تەنانەت لەو وڵاتانە وا کێشەی پێناسەو هۆویەت چارەسەر کراوە و یان پاشایەتی باوی نەماوەو بەڵکوو سەردەمی پاڕلمان و دیمۆکراسییەتە، بەڵام هێشتا لەو وڵاتانە بە هۆی پێناسەی ئەو ئاوازە و ڕێزتن لە ڕای گشتی سروودەکانیان نەگۆڕاوە چۆن زۆری خایاندووە هەتا لە بیرو زێنی خەڵکی ئەو وڵاتە جێگا بکاتەوە. بۆ نموونە سروودی نەتەوەیی عەرەبستان باس لە پاشایەتی دەکات و لە سروودی نەتەوەیی ئاڵمان چەمکی ناسیونالیزمی توخ، ئیگجار بەرچاوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٦ی ئاگۆستی ١٨٤١ لەلایەن «هۆفمەن فون فالێرسلین»دانراوە، کە لەساڵی ١٩٥٢ دوای رووخانی هیتلەر و بە دەستووری سەرۆک کۆماری ئەوکات تەنیا بەندی سێهەمی ئەم شێعرە تەرخان کرا بۆ سروودی نەتەوەیی ئاڵمان:

( بژیت ئاڵمان، ئاڵمان
یەکیەتی، یاساو ئازادی
بۆ سەرزەوینی باپیرانمان، ئاڵمان
وەرن پێکەوە بۆئەم ئامانجە تێبکۆشین/ یەکیەتی و یاساوئازادی/ رەمزی سەرکەوتنمان..)

شایانی باسە کە هەر ئێستا سروودی نەتەوەیی هەر وڵاتێک وەکوو هێمای نەتەوەیی چاوی لێدەکرێ و مرۆڤەکان لە منداڵییەوە بە رێزگرتن لەم هێما نەتەوەییە ڕادێن و لەبەری دەکەنو بە هەستو ئیحساسی تایبەتەوە دەیڵێنەوە. سەرەرای بیروبۆچوونی جیاواز لە کۆمەڵگە، ئەو پارچە مۆسیقا و ئەو چەند دێرە شێعرە رەمزی یەکگرتن وهاو هەڵویستییە. هەر بۆیە لە کاتی لێدانی مارشو مۆزیکی سروودی نەتەوەیی هەر وڵاتێک بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە بۆ سەرکەوتن فیداکارییان کردووە، بۆ چەند چرکە هەست بە مێژووی پڕ فیداکاری حەماسەی ئەو وڵاتە دەکرێ، تەنانەت ئەگەر لە زمانی شێعریشیان تێنەگەین!

### سروودی نەتەوەیی کورد!

«گزنفۆن»مێژوونووسی یونانی دەڵێت: لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین، دوای هێرش کردنی یونانییەکان بۆسەر ئێران لە کاتی گەڕانەوەدا کە گەیشتینە کوردستان،کوردەکان بە خوێندنی ئاوازو سروودی تایبەت بە خۆیان هێرشیان کردە سەر لەشکەری یونان. ئەگەرچی مۆسیقی ناسەکان کوردستان بە لانکی سەرهەڵدانی کۆنترین مۆسیقی دەنزانن، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی سروودی نەتەوایەتیو بە بەراوردکردنی لە گەڵ مێژووی دێرینترین سروودی حەماسی لە جیهان، دەردەکەوێ کە کوردەکان خاوەنی کۆنترین ملۆدی و ئاوازی حەماسین، کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتوکیانی سیاسی، کورد لەم بارەشەوە غەدری لێکراوە.

ئەگەرچی کورد تائێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەتا لە لایەن دەوڵەتەوە سرووده‌کەی بناسێنێت بە جیهان، بەڵام دوای پارلمان و حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان، سروودی «ئەی رەقیب» تا رادەیەک بە جیهانی دەرەوە ناسراوە. هەڵبەت ئەم سرووده لە چوار پارچەی کوردستان بە سروودی نەتەوەیی کورد ناسراوەو بۆتە هێمای شۆرشگێریو نەتەوەخوازی.

سروودی «ئەی رەقیب» کە هۆنراوەیەکە لە شاعیری کورد «یونس رەئوف «دڵدار»(١٩٤٨/١٩١٨) کە لە زیندانی حکوومەتی ئەوکاتی عیراق لە ساڵی ١٩٣٨ ئەم سرووده شۆرشگێرانەی داناوە و بۆ یەکەم جار لە کاتی کۆماری کوردستان کراوە بە سروودی میللی کوردستان و تا ئێستاش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەو پێناسەوە دەیناسن. ئەگەرچی لە باری حقووقی سیاسییەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە سروودی «حکوومەتی هەریمی کوردستان» قەبوول کراوە، بەڵام گرنگی ئەم سرووده لە ئاستێک دایە کە سەرەرای جیاوازی سیاسیوجوغرافیایی و زمانی کوردستان بە گشتی، حوورمەتی نەتەوەیی هەیە. ئەگەرچی هێندێک تەیفی ئیسلامیو ئەحزابی چەپی کوردستان لە گەڵ قەبوول کردنی ئەم سرووده ململانێیان هەیەو دان بەم راستییەدا نانێن کە سروودی حیزبیو رێکخراوەیی، لەگەڵ سروودیی نەتەوەیی جیاوازە و مۆلکی هیچ لایەن وحیزبێک نیە، بەڵکوو هی خەڵک و نەتەوەی کوردە

بەو هیوایە بە زووترین کات بە وشێوە کە پێویستە لەسەرهێما نەتەوەییەکان وەکوو سروودی نەتەوەی و ئاڵاو.... میراتە مێژووییەکانمان هاوڕا بین و بە مۆڵکی حیزب یان رێکخراوەیەکی نەزانین و هەمووما‌ن بەرانبەر بە ناحەزان و نەیارانی گەلەکەمان بڵێین؛ «کەس نەڵێ کورد مردووە،کورد زیندووە..»

ژێدەر:
دانشنامەی ویکیپیدیا/ خلاصەی تاریخ کردستان از ٢٠٠٠ساڵ قبل از میلادتا ٢٠٠٠سال بعداز میلاد، (احمدقاضی)..

هەڵچینی

# چاوی سەرم بی دەستەڵاتی چوارەم!



مستەفا شێخە

ئەوانەی سەریان لە سیاسەت و شتی وا دەخورێت، چ ئەوانەی تازە پێدەگەن و لە پشتەسەروە هەتا پشتی برۆیان بە موو داپۆشراوە و چ ئەوانەی کۆنەسیاسەتمەدارن و سەریان وەک دیوی هەتاونەدیتووی شووتی بەر گەرمای چلەی هاوین لەدوورەوە سپی دەچێت. چ ئەو خانمانەی لاپەڕەی رۆژنامەکان بە مەدح و پێداهەڵگوتنی پیاوان پڕدەکەنەوە و چ ئەو پیرەژن و کیژۆڵە پۆست مۆدێرنە فیمینیستانەی بەتەمان هاوسەرەکانیان بدرێنە بەر گوێزانی نەشتەرگەری و سنگیان پڕبێت لە ژەک و شیر و هاوشانی ئەوان شیر بدەن بە منداڵە هاوبەشەکانیان. ئەوانە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەستەڵاتی وڵاتان سێ دەستەڵاتن. دەستەڵاتی یاسا دانان دەستەڵاتی یەکەمە ولە مەجلیس و پەرلەمان و دەزگا چاودێریەکانی دیکەی وەک هی لای خۆمان پێکهاتووە. دەستەڵاتی دووهەم هەمان حکوومەت، دەوڵەت، کابینە یان ئەنجومەنی وەزیرانە و ئەویش کاری ئەوەیە یاساکان بە هەوای لووتی جێبەجێ بکات. دەستەڵاتی سێهەمیش دەستەڵاتی دادوەری و دادگاکانە. ئەویش چاودێریی جێبەجێ کردنی یاسا دەکات و بە هەموو شێوەیەک بیلامانێ خەریک دەبێت بە قەڵشت و کەلێنی دانەدانەی بەند و مادە و تێبینییەکانی یاسادا بسووڕێتەوە و بە بەژنی یاران و نەیاراندا بەرزی نزمیی پێ بکات.

ئەم سێ دەستەڵاتە جوان و خنجیلانە و بەڕیزە لە هێندێک وڵاتاندا بە شێوازی دیموکراتی دەنگی خەڵکیان لەپشتە. دەنگ کۆکردنەوەش چیرۆک و بەسەرهاتی دوور و درێژی خۆی هەیە و سیاستەمەداران بە کەون و نوێ و سەرقرژن و سەر رووتاوە فیمینست و میمینیستەوە هەریەکەو بە لێکدانەوەی خۆیان بۆی دەچن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە، دەستەڵاتی چوارەمە. دەستەڵاتی چوارەمیش تەنیا وێردی سەر زاری دیموکراسیخوازانە. دیموکراسیخوازیش چەند جۆری جیاوازی هەیە. دیموکراسیخوازی لیبڕاڵ، دیموکراسیخوازی نەتەوەخواز، دیموکراسیخوازی ئایینی، دیموکراسیخوازی هاوڕەگەز خواز نازانم نە هاوڕەگەزباز، دیموکراسیخوازی مەیلەو دیکتاتۆڕ، دیموکراسیخوازی ژنانیلە واتە فیمینست و چەندین دیموکراسیخوازی دیکەش.

ئەوەی جێگای سرنج و وردبینییە، هەموو ئەم دیموکراسیخوازانە بە خاسە و زڕ و باش و خراپیانەوە وێرای جیاوازیی لێکدانەوەیان لە سەر چەمکی سەرلێشێواوی دیموکراسی، لەسەر ئەوە کۆکن کە راگەیاندن لەوڵاتاندا دەستەڵاتی چوارەمە.

دەستەڵاتی چوارەم، سەرەڕای سێ دەستەڵاتەکەی دیکە مەیدانداری دەستەڵات و کەڵی بەگونی مەیدانی شەڕەکەڵی سیاسەتە و بە ڕبەی کەسیش ناپێوێت.

رۆژنامە کە یەکێک لە ئامێرە هەرە کۆنەکانی راگەیاندنە، لە کوردستانی خۆمان دەستی دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنی لەپشتەوەڕا بەستووە و بە کەیفی خۆی حوکمداریی مەملەکەتی کوردان دەکات. چەند نموونەیەکی کەم لەم مەیدانداریە تێماندەگەیەنێت رۆژنامە وەک جلەوکێشی دەستەڵاتی چوارەم لەم کوردستانە چۆن دەستەڵاتی رەها و بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەسەپێنێت و بە ڕیشی سێ دەستەڵاتەکەی دیکە پێدەکەنێت. ماوەیەک لەمەوبەر رۆژنامەیەک بە ریشی دەستەڵاتی دادوەری پێکەنیبوو و باسی کۆمەڵێک بەندکراوی کردبوو کە لەمەودای چەند کیلۆمیترییەوە خۆیان لە یەکێک لە کۆنسۆلخانەکانی یەکێک لە وڵاتان مۆڕکردبۆوە. رۆژنامەکە بەرلەوەی دەستەڵاتی دادوەری بەند و مادەیەکی یاسایی پڕ بەژنی بەندکراوەکان بدۆزرێتەوە، نووسیبووی ئەوانەی خۆیان لە باڵوێزخانەکە مۆڕ کردۆتەوە، هیچ و پووچن و دەبێ بەتوندی سزا بدرێن. رۆژنامەیەکی دیکە، دەستەڵاتی زیاتری دابوو بەخۆی و کۆنسۆلخانەکەی گۆڕیبوو و کردبووی بە کۆنسۆلخانەی ئەمریکای خاوەن دیموکراسی و دەستەڵاتی تایبەت. دیسان یەکێک لە رۆژنامەکان ئەمجارە خۆی لە دەستەڵاتی دووهەم واتە دەستەڵاتی جێبەجێکار مۆڕکردەوە و بێڕیزی بە سەرچڵی ئەم دەستەڵاتە کرد و لە جیاتی وشەی بەڕێز لە پێش ناوەکەی وشەی بێڕیزی دانا و کەسیش نەیوێرا پێی بڵێت لەپشتی چاوانت برۆیە.

رۆژنامەکان لە گۆڕینی ئەکتەرەکانیشدا دەستەڵاتی باڵادەستی خۆیان پێشاندا. هەر ئەمرۆژانە یەکێک لە رۆژنامەکان لە راپۆرتێکدا نووسیبویەتی «لیۆناردۆ داڤینچی لە کێبڕکێی گۆڵدن گلۆبدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمێدیی بردەوە». ئەم رۆژنامەیە دەستەڵاتەکەی لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕاندووە و حوکماتی حەوت پاشایان بەسەر مێژووشدا دەکات. بەم رستەیە وەک ئاوخواردنەوە هەردوو گوێچکەی «لیۆناردۆ داڤیچی»ی زانای بلیمەت و شێوەکار و بیرکاریزان و موسیقازانی گرتووە و تابلۆ بەنرخە مێژوویەکەی «مۆنالیزا»ی لێ ئەستاندۆتەوە لەگۆڕ دەرێکێشاوەتەوە. لە ساڵی ١٤٥٢ی زایینەوە رایکشاوەتە ئەم ساڵەی ٢٠١٤ی حازری و لەگەڵ «لیۆناردۆ دیکاپریۆ»ی ئەکتەری کۆمێدی جێگای پێ گۆڕیوەتەوە. بۆ ئەوەی داڤینچی وەجواب نەیەت و نەیکاتە هەڵڵا و هەنگەمە، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمێدی پێبەخشیوە. لەو کوردستانەی خۆمان کە نوێگەرایی تێیدا بەردەوامە، دەستەڵاتی چوارم رۆژانە دەستەڵاتەکانی دیکە دەداتە بەر پاڵە پەستۆ و رەنگە رۆژێک دابێت هەر هەموویان پەرش و بڵاو بکات.

بەوە دەڵێن دەستەڵات! ئەوە دەستەڵاتی سەرووی هەموو دەستەڵاتانە و راگەیاندن لەم نیشتمانەی خۆماندا بە هەموو لایەکی سەلماندووە لە خۆی زیاترکەس مافی نییە بڵێ دەستەڵاتم، هەی چاوی سەرم بی دەستەڵاتی چوارم!

لای خەونەکانی ئاوارەو
بەو رێچکەیەدا ئەگەرێمەوە تا ئەگەمە ماچێ پڕلاشێزو
ماچێ لە هێمن و ماچێ لە هەژارو ماچێ لە ئازاری سێدارە
ماچێ لە نیشتمان هەڵ ئەگرم و
پیان ئەڵێم ئێمەش لە چوار لاوە گەراوینەوە
ئێوە ئێستا لە شەقام دان لە چوارچرا دەتانبینم
لە نیوان گوڵ وئەستێرەو لە سەر تەپڵی خاک و
لە سەر چاوی چیاو لە سەر شەپۆلی زەریادان
پێیان دەڵێم باوەر کەن ئێوە تەنیا نین
ئاسمان سێبەرتان بۆ ئەکا گەڵا ئەتانشارێتەوە
ئەسپێک خۆی شەهیدتان بۆ ئەگوازێتەوە
پییان ئەڵێم ئێوە تەنیا نین
ئەوە تاران و بەغداو دمێشق و استانبول
تەنافی ڕزیوەیان لە ملی خۆ پێچاوەو
لە گاوانی لە گەڵمان هەڵئەپەڕن
پێیان ئەڵێم غەم تان نەبێ ئەمرۆ ئەتانبینم
لە ناودڵی دوی رێبەندان و
دووەمین هەناسەی ژیان، دومین ئازادی.

محمد افندی (رێبوار)

# دووی رێبەندان

ئەمرۆ ئەگەرێمەوە خەونێکی ون
دەست لە ملی ئەشق ئەکەم
بەسەر ئەیلول دا ئەچمەوە
تا ئەگەمە ژێکاف و
جریوەی سروودی هاتەوە دووی رێبەندان
بە دەم گوڵ ئەستێرە ئەبیستم
ئەچمەوە لای شمشاڵ و
خۆی ئەچێتەوە ناو منالی و
ئەچێتەوە شاخ و
رەش ئەپۆشێ وئەحیلێنێ
ئەچمەوە لای ئەشق و
ئەچێتە لای شیرن و
ماچی دەمی فەرهاد ئەکاو
سوور ئەپۆشێ لەدواییشدا ئەگەمە ژان و
لەوێوە هەتاو ئەگوازمەوە بۆ ناو غەمی منالان و
جار نا جارێ ئەچمە نیرو
لەوێوە بۆ جەولە ئەگەرێمەوە شەری نیوان ژیان

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 624 20 janu 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ئیێعدامکرانی زیاتر لە ۴۰ کەس لە ئیێران لە ماوەی دوو حەوتوودا

**ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەڵێ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ی زایینییەوە ٤٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون.**

بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی تەنیا لە ماوەی حەوتووی رابردوودا ٣٣ کەس لە ئێران لە دار دراون.

بە وتەی ئەم ڕێکخراوەیە، لە ١١ی بەفرانباردا ئێعدامکرانی ٢١ کەس بە شێوەی ڕەسمی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە راگەیەندراو لە لایەکی دیکەشەوە هەواڵدەرییە باوەڕپێکراوەکانیش هەر لەو ماوەیەدا ئێعدامکرانی ١٩ کەسیان پشتڕاست کردەوەو بە گشتی ژمارەی ئێعدامەکان لە سەرەتای ساڵی زایینییەوە تا ئێستا لە ٤٠ کەس زیاتر بووە.

حەسیبە حاجی سەحرایی، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقای ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە دەڵێ، ژمارەی زۆری ئێعدامەکان لە ئێران لەم مانگەدا جێی نیگەرانییە.

شایانی باسە بەپێی راپۆرتی کەمپەینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٣ دا زیاتر ٤٠٢ کەس لە ئێران ئێعدام کراون. بەپێی ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوە پاش وڵاتی چین بەو حەشیمەتە زۆرەوە لە پلەی دووهەمی جیهان بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام دایە.

# بەڕێوەچوونی شەوەشێعرێک لە شاری شنۆ




**کوردستان و کورد:**

**ئەنجوومەنی ئەدەبیی شاری شنۆ بە هاوکاریی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی ئەو شارە شەوەشێعرێکی بەرێوە برد.**

لەو شەوە شێعرەدا کە بەبەشداریی دەیان کەس لە شاعیران، هونەرمەندانو ئەدەب دۆستانی کوردی زۆربەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، یادو بیرەوەریی مارف ئاغایی، شاعیری کۆچکردووی کورد بەرز ڕاگیرا.

لەو شەوە شێعرەدا کە بەبەشداریی شاعیرانو نووسەرانی شارەکانی شنۆ، بۆکان، مەهاباد و بانە بەڕێوە چوو، بەشداران بە خوێندنەوەی شێعرو پەخشانو دەقە ئەدەبییەکانیان کاتو ساتێکی خۆشیان بە بەشداران بەخشیو گرووپی مۆسیقیی نالی بە چەند بەرهەمی مۆسیقا کۆڕەکەیان پتر ڕازاندەوە.

شنۆباس وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە دەڵێ قاسم موئەیەدزادە، سوارە فتوحی، محەممەد سەعید نەجاری ، ئەمین گەردیگلانی، سەلاح نیساری، محەممەد حوسێن پور، قادر عەلیخواە، لوقمان پیربادینی، کەریم دافعی، ڕەسوڵ ڕەشئەحمەدی، عومەر محەممەدی ، فەتاح محەممەدنژاد، عەلی هادی زادە، عەلیرەزا محەممەد نژاد، شاهرۆخ حەسەن زادە، کەماڵ حاجی پوور کەریم بەلەدی، ئەرشەد ئیقبالی، سەلام مەعرووفی، عەلی سۆهرابی، ڕەسووڵ وەیسی، شێعریان خوێندەوەو دوایە دیاری بە سەر بەشدارانی ئەو شەوە شێعرەدا دابەش کرا.




تاکتیکی نوێ – تەرحی «نیکآهنگ کوثر»

بەر لە ماڵاوایی

# ژێتیڤی دوو



تەها ڕەحیمی

بەهاری عەرەبی، ئەو بەهارەی ڕەنگە لە سووریە قەت گوڵەکانی نەپشکوێن و خوێنی دڵی دایکانو باوکانو باخەوانانی ئەو باخە ڕەنگینەی چاوەڕوانی دەکرا، لە توێی شەقڵ شەقڵ کراوی دێراوە نەمام ژاکاوەکانیدا قرتماخەیەک بن بە هەنییەی مێژووی ئەم سەردەمەی بەرژەوەندخوازی مرۆڤەوە. ئەو بەهارەی ئاواتی نەوەکانی لەو وڵاتەدا بە شەختەو سایقە سپارد، هەتا بەستەڵەکە شەوێک گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پێ بڕازێنێ. بەهارێک هەموو گەڵاکانی وەڕاندو هێلانەکانی تێکداو دارە سەرلە ئاسمانەکان چەماند. مرۆڤ هەموو هەوڵو تێکۆشان و ماندووبوونو شەوو شەونخوونیو ... لە پێناو بەختەوەری خۆیەتی. واتە هەموو ئەو گەردوونەی خستوەتە خزمەت خۆشبژێویو بەختەوەر کردنی خۆیو، هیچ شتێک نیە لە گیانی مرۆڤ بەرزتر و بەنرختر لای مرۆڤ. بەڵام کە شەڕ هاتە گۆڕێ، ئەو جەوهەرە پڕ بایەخە، ئەو بوونە پیرۆزە، لە بێبایەخترین شتیش بێبایەختر دەبێ. بێهێزەکان ئەوەندی دیکە بێهێزو بێبەرگری دەبن. هیچ دەستێک قژی کاڵی کچە کۆڵمەئاڵەکان شانە ناک، هیچ باوەشێکی گەرم، منداڵە بەستزمانەکان لە ئامێز ناگرێ. گیانی مرۆڤ، بوونی مرۆڤ، جا لە گەورەوە بگرە هەتا منداڵی سەر لانک، دەبنە سووتەمەنی لووتبەرزی و غروورو بەرژەوەندیی نەفامانەی کۆمەڵێک. بڵێسەکانی ئاگری شەڕ لە هەناسەی ناسکی مرۆڤ دەگەڕێن بە گەردەلوولی گڕی داکەن. لە پیرۆزییەت، ناموس، شەرەف، مرۆڤایەتی دەگەڕێ هەتا لە ژێر سمی ئەسپە جەنەگرتووەکانیدا بیسمێ. ئاگری شۆڕشی گەلانی سووریە لە سۆنگەی بەهارێکەوە، کە بە زستان دەستی پێکرد، هێندەی گیانی شیرین هەستاند، گیانی لە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتییانی سووریە تاڵ کرد. جگە لە ئەکتەرە دەرگیرەکانی نێوخۆی سووریە، هێژمۆنیخوازییو بەرژەوەندیی وڵاتانی دەرەوە، دەستی سەرکردەکانی جیهانیشی بە خوێنی خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتە سوورکرد. ململانێی وڵاتو لایەنە تێوەگلاوەکانی شەڕی سووریە چنگیان سوور سوورە. هەر ڕۆژەو، بۆ یەکتر بە چۆکداهێنان، بەزمێک بەیەکتر دەگێڕن. یاریی پێک دەکەن. لێک کۆدەبنەوە. لە شاشەی تیڤییەکانو لەبەردەم کامێران، بزەیان بە فرمێسکی هەموو ئەو هەتیوانە دێ، کە خێوەتە مانگ لەسەرەکانیش هەڵیاناگرن، فشە دەکەن بە ئازاری ئەو ژنو کچانەی هەموو پاکیو بێگەردییان، ریش چڵکنێک لە چەند خولەکدا تکاندی. گاڵتە بە هاواری ئەو بێوەژنانە دەکەن، کۆڵێک داخ بەدڵەوە، وەک مێگەلە مەڕێکی گورگ‌لێدراو ڕێچکە بەرەو داهاتوویەکی تاریکو لێڵ دەنێن. شەکانەوەی پەڕوویەکی ڕەنگاوڕەنگی پڕ واتای پڕوپووچ، زیقەو زریکری منداڵو مێرمنداڵانی دەوێ لەم کەوشەنە خاپوور بووەدا.

هەر ئەوەندە نییە، ئێستا سەرکۆمارو وەزیرو بەرپرسانی دیکەی ئەو وڵاتەی زمانیان گۆڕاوە، زیاتر بە رووسی دەدوێن، فارسیش دەزانن، چینیش فێربوون، بە ئینگلیزی داهاتوویان بۆ دیاری دەکەن، بە فەرەنسی هێڵ و نەخشەیان بۆ دەکێشنەوە. بەڵام قەت بە زمانی خەڵکەکەی خۆیان ناگرین، هاوار ناکەن. ئەو مرۆڤە سەیرە؛ وەک گاشێتەکانی ئیسپانیا، ڕەنگی سوور نەبینێ، کە دیتی هارتر دەبێ، دەڵێن خوێن مرۆڤ دەگرێ، بەڵام نا دەیکا بە گاشێتەکانی ئیسپانیاو و زیاتر شاخی لە سوورکردن تیژتر دەکا. لەم مەڵبەندە کەس نەماوە، خواکانیش باریان کردوە، ئەم خاکەیان جێ هێشتوە، منداڵەکانی ئەم وڵاتە تووکیان لێکراوە، ڕەش بوون. تاکە تۆزقاڵێک بەزەیی لە هیچ بستێکیدا بەدی ناکرێ. تەنانەت نەگبەتی ئەو خەڵکە، دەوربەریشی گرتۆتەوە، ڕەنگە ترسی ئەوە هەبێ قاقای سەرۆکی زلهێزەکانیش لە کۆشکو تەلارەکاندا بشەمزێنێ. بازارە بەناو دیپلۆماسییەکانی جیهان زۆر گەرمن، بازرگانەکانی فرمێسکو خوێن خەریکی هەراجی کەرامەتی مرۆڤن، ئایدیۆلۆژیو هێژمۆنی خۆیان لەسەر حیسبی ئەو خەڵکە پێک تاقی دەکەنەوە. ڕۆژێک مۆسکۆبازار، نیۆیۆرکبازارو ....... ژنیڤی یەکو ئێستاش ژنیڤی دوو. ئەوانە دڵداری بە ماڵوێرانیو تەرکەوەتەنیو پێی پێخواسی مرۆڤەکان دەکەن. حەزیان لە دەنگی بای ساردی شەوەزەنگەکانە، کە دەستو پێی منداڵی ساوا لە ژێر کۆنە تەلیسێکدا دەقەڵەشێنن. ئەوانە گەپ بە چارەنووسی درەوەشاوەی هەژارە بێفیزو دڵپاکەکان دەدەن. هەروا دەڕوا دیسانیش هاوشێوەی ئەم ژنیڤانە، لە بن میچە بە نەخشو نیگارە رازوەکان، پێک هەڵدەدەن بۆ مەبەستی تاڵانی رابردووو ئێستاو داهاتووی ئەو کەسانەی زگیان بە خۆیانو خاکو هاونیشتمانەکانیان ناسووتێ. دیسانیش بە دڵۆپە خوێنی منداڵانی نیشتمانە بەڵالێدراوەکان دیواری ئاواتی کۆشەکانیان بەرزتر دەکەنەوە. شەوچەلەی کۆبوونەوەکانیان لە ژنیڤێکی دیکە، چزبزەیەکە بە عەقڵی سەرۆکو سەرکردەکانی ئەم چەشنە وڵاتانە.